تره‌مپ: ئێران هەر هەنگاوێک لە بەرامبەر ئەمەریکادا بهاوێژێت وەڵامەکەی قورس دەبێت

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد تره‌مپ ئاشکرایکرد ئەگەر بێت و ئێران هەر هەنگاوێک لەبەرامبەر ئەمەریکادا بهاوێژێت، ئەوا وەڵامەکەی بە شێوەیەکی "قورس" وەردەگرێت. دۆنالّد تره‌مپ لە میانی میواندارییکردنی سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا، ڤیکتۆر ئۆربان لە کۆشکی سپی، ڕوونکردنەوەی سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا-ئێران دا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5750) چوارشەممە 15ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا داوای کردووە 120 هەزار سەرباز ڕەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکرێن

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لە زاری سەرچاوەکانییەوە بڵاوی کردووەتەوە، کە پاتریک شاناهان، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بە وەکالەت پلانێکی پێشکەشی دۆنالّد تره‌مپ کردووە بۆ ناردنی 120 هەزار سەربازی وڵاتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

چوار ساڵی داهاتوو حکوومەتێکی بەهێز ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکات

پێشبینی دەکرێت کۆتایی هەفتەی داهاتوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت

دوای ئەوەی لە یەکشەمەی ڕابردووەوە، بەفەرمی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرایەوە، پێشبینی دەکرێت کۆتایی هەفتەی داهاتوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت. دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆی دیاری کراوە، کاندیدی بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکەی ئەیلولی ڕابردوو، بەپێی حەقەبەشی هەڵبژاردن، کە مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ کاندید کراوە، بۆ پێکهێنانی کابینە نوێیەکەی ڕادەسپێردرێت، کە دەرفەتی 30 ڕۆژی بۆ دیاریکردنی پۆستە وزاریەکان و پێکهێنانی حکوومەت لەبەردەمدایە. ئەو لایەنانەی لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار دەبن، کە پێکهاتوون لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆتاکان و هەندێ پارتی دیکە کە ژمارەی کورسییەکانیان کەمە، بە هەموویان خاوەنی 90 کورسیی پەرلەمان دەبن، بەمەش چاوەڕوان دەکرێت، چوار ساڵی داهاتوو حکوومەتێکی بەهێز ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکات.

(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل3 بخوێنەوە)



لە شاری سێرتی باکووری کوردستان.. وەرزی ڕێواس و خواردنە گیاییەکان دەستپێکرد

بە کۆنترۆڵکردنی چیای قەرەچوخ مەترسییەکانی داعش لە مەخموور کۆتایی دێت

چەکدارانی داعش لە گوندی عەلی ڕەش لە سنووری مەخموور، دەستیان بە سووتاندنی چەند زەوییەکی کشتوکاڵی کوردەکانی ئەو ناوچانە کرد و زیانیان بە دەخڵ و دانی گوندەکانی ئەو سنوورە گەیاند. لە لێدوانێکدا سیروان بارزانی ڕایگەیاند: پێش سێ ڕۆژ، داعش گەنمی جووتیارانی ئەو ناوچانەی سووتاندووە و داوای سەرانەیان کردووە، ئەمەش جیا لەوەی کوشتن و تۆقاندنیان بڵاوکردووەتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەدان عەرەبی هاوردە بە پشتیوانیی سوپای عێراق پەلامارى گوندی پەلکانەیان دا

دوێنێ ژمارەیەکی زۆر لە مالّی عەرەبی هاوردە کە سەدان کەس دەبوون بە پاڵپشتیی هێزێکی زۆری حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، هەڵیانکوتایە سەر گوندی پەلکانەی سەر بە شارۆچکەی سەرگەڕان و چەندان خانووی بەتاڵی مالّە کوردەکانیان دەستبەسەردا گرت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لە ڕێگەی 7 فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە

هێرشکرایە سەر دوو وێستگەی نەوت لە سعوودیە

وەزیری وزەی سعوودیە، خالید فالح ڕایگەیاند، بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشکراوەتە سەر دوو وێستگەی نەوت. لە ئاکامی هێرشەکەدا ئاگرێکی گەورە لە وێستگەی ژمارە هەشت کەوتەوە، بەڵام تواندراوە ئاگرەکە بکوژێندرێتەوە کە زیانێکی زۆری بە وێستگەکە گەیاندووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

یەکێتیی ئەورووپا داوا لە ئەمەریکا و ئێران دەکات دانوستان ئەنجام بدەن

فێدێریکا مۆگێرینی ڕایگەیاند کە ئەوان لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لەگەڵ دانوستاندان. فێدێریکا مۆگێرینی دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پەمپیۆ وردەکاریی هەڕەشەکانی ئێرانی بە هاوپەیمانێتی ناتۆ ڕاگەیاندووە

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گوتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پەمپیۆ لە میانەی کۆبوونەوەکەیدا لە بڕۆکسل زانیاری وردی سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئێرانی بە بەرپرسانی هاوپەیمانێتی ناتۆ ڕاگەیاندووە. نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئێران برایان هوک گوتی: ئێران هەڕەشەیە، ئەم سەردانەش لە کاتێکی گونجاودا بوو لە ڕێگەیدا بۆ سوچی ڕوسیا. گوتیشی: وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەیویست هەندێک وردەکاری بدات لەسەر ئەوەی کە بە ئاشکرا دەیلێین. پێمان وایە پێویستە ئێران لەجیاتی ئەوەی هەڕەشە بکات وتوێژ تاقی بکاتەوە. هەڵبژاردنێکی خراپیان کردووە کە سەنگیان خستۆتە سەر هەڕەشەکردن.



ئامادەکاریی هەنگەوانان بۆ چوون بەرەو بەرزاییەکان

لە شارۆچکەی هیزان سەربە پارێزگای بەدلیس، ئەو هەنگەوانانەی لە بەرزاییەکان کە سێ هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزن هەنگەوانی دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی هەنگوینی سروشتی، ئامادەکاری دەکەن بۆ چوون بەرەو بەرزاییەکان.

(ڕاپۆرتێک لە ل7 بخوێنەوە)

حەشدی شەعبی بەسەر 30 گرووپدا دابەش بوون و ژمارەیان نزیکەی 125 هەزار چەکدار دەبێت

خاتوو ئەلیسا ڕوبین بەڕێوەبەری نووسینگەی بەغدای ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمەریکا (نیویۆرک تایمز) لەبابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەکەی بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: حەشدی شەعبی بەسەر 30 گرووپدا دابەش بوونە و ژمارەیان نزیکەی 125 هەزار چەکدار دەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

داوا لە هاووڵاتیان دەکرێت هەرکەسێک لە شارەکەی خۆی پاسەپۆرت وەربگرێت

«خەبات» بەدواداچوون بۆ کێشەی دواکەوتن و کەمیی پاسەپۆرت دەکات



دیدار عومەر قادر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر دەڵێت: دەفتەری پاسەپۆرت زۆر بەکەمی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پێشتر ئەو پاسەپۆرتە لەوڵاتی ئەڵمانیا چاپ دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو چاپخانەیە لە بەغدا پاسەپۆرتەکان چاپ دەکات. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل5 بخوێنەوە)**

سەدان عەرەبی هاورده بە پشتیوانیی سوپای عێراق پەلاماری گوندی پەلکانەیان دا

هاوولاتییانی کورد لە پەلکانە بۆ ئەوەی گوندەکەیان داگیر نەکرێت رووبەڕوویان بوونەتەوە



دوێنێ سێ شەممە 2019/5/14 ژمارەیەکی زۆر لە مالّی عەرەبی هاورده کە سەدان کەس دەبوون بە پاڵپشتیی هێزێکی زۆری حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، هەڵیانکوتایە سەر گوندی پەلکانەی سەر بە شارۆچکەی سەرگەڕان و چەندان خانووی بەتاڵی مالّە کوردەکانیان دەستبەسەردا گرت.

گوندی پەلکانە لە بنەڕەتدا گوندێکی کوردنشینە و دەکەوێتە نزیک ناحیەی سەرگەڕانەوە، لە سەردەمی رژێمی بەعسدا مالّە کوردەکان دەرکران و عەرەبی هاورده هێنرایە گوندەکە، لە دوای ئازادی عێراقیش مالّە کوردەکان گەڕانەوە سەر مالّوحاڵی خۆیان و دووبارە دەستیانکردەوە بە کێڵانی زەوییە کشتووکاڵییەکانیان، بەڵام بەهۆی رووداوی 16ی ئۆکتۆبەر جارێکی دیکە عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی حەشدی شەعبی گەڕانەوە گوندەکە لە کاتێکدا قەرەبووی ماددەی 140یان وەرگرتبوو، بەڵام ئێستا دەیانەوێت جارێکیتر زەویوزاری هاوولاتییانی کورد داگیر بکەنەوە، هاوولاتییانی کوردی پەلکانەش رووبەڕووی ئەو هەوڵی داگیرکارییە وەستاونەتەوە.

عەمید ئیدریس رەفعەت، بەرێوبەری ئاسایشی کەرکووک بۆ دەزگەکانی راگەیاندن لەبارەی گرژیی نێوان هاوولاتییانی کوردی گوندی پەلکانە و عەرەبە هاوردەکان رایگەیاندووە: لەسەر پرسی زەویوزار هەندێک عەرەب چوونەتە سنووری سەرگەڕان و هاوولاتییانی کوردیش کە زەویی موڵکی خۆیانە، ڕووبەڕووی ئەو عەرەبانە بوونەتەوە. ئەو ئەفسەرەی ئاسایش دەڵێ ڕەوشەکە پێویستی بە چارەسەر هەیە.

بەدرەدین شەمسەدین ئەندامی ئەنجوومەنی ناحیەی سەرگەڕان بۆ دەنگی ئەمەریکا رایگەیاندووە: عەرەبەکان بەهێزێکی زۆرەوە ڕۆیشتنە نێو گوندی پەلکانە و ویستیان بە زۆر داگیری بکەنەوە، بۆیە شەڕ لە نێوان ئەوان و هاوولاتییانی کورد لە گوندەکەدا ڕوویدا.

گوتیشی: کورد و عەرەب بە بەرد و دار کەوتنە گیانی یەکتری، بۆیە ئێمەش وەکو ناحیەی پۆلیسمان ئاگادار کردەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، پۆلیس ژمارەیەک کەسی لە کورد و لە عەرەبەکان دەستگیرکرد و کێشەکە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. لای خۆیەوە هەڵۆ جەوهەر کە دانیشتوویکی گوندی پەلکانەیە، رایگەیاندووە: ئێستا گوندی پەلکانە عەرەبەکانی بە چەکەوە تێدایە و فەوجی مغاویریش پشتگیری ئەوان دەکەن، بەڵام کورد لەنێو مالّەکانی خۆیاندان و دەرچوونیان لێ قەدەغەکراوە. گوتیشی: خەڵکێکی زۆر گیراون و لە نێویاندا باوک و دوو برا دوو کوڕە مامی تێدایە.

سیروان بارزانی:

بە کۆنترۆڵکردنی چیای قەرەچوخ مەترسییەکانی داعش لە مەخموور کۆتایی دێت



K24/

سیروان بارزانی، بەرپرسی میحوەری مەخموور- گوێڕێ هێزەکانی پێشمەرگە، لەبارەی سووتانی زەوی کشتوکاڵی جووتیارانی کورد ڕایگەیاند، چارەسەر بۆ ئەو دەستدرێژکارییانە هێرشە بۆ سەر چیای قەرەچووخ. دوێنێ سێشەممە 2019/05/14 چەکدارانی داعش لە گوندی عەلی ڕەش لە سنووری مەخموور، دەستیان بە سووتاندنی چەند زەوییەکی کشتوکاڵی کوردەکانی ئەو ناوچانە کرد و زیانیان بە دەخڵ و دانی گوندەکانی ئەو سنووڕە گەیاند. لە لێدوانێکدا سیروان بارزانی ڕاگەیاند: پێش سێ ڕۆژ، داعش گەنمی جووتیارانی ئەو ناوچانەی سووتاندووە و داوای سەرانەیان کردووە، ئەمەش جیا لەوەی کوشتن و تۆقاندنیان بلاوکردووەتەوە. ڕاشیگەیاند: ئەمڕۆ جارێکی دیکە داعش دەستیکردەوە بە سووتانی ئەو زەوییە کشتووکاڵییانەی سێ ڕۆژ لەمەوبەر نەیانسووتاندبوون.

سیروان بارزانی ئاماژەی بەوەش دا: ئەگەر ئۆپەراسیۆن نەکرێت و چیای قەرەچووخ لەو چەکدارانە پاکنەکرێتەوە، ئەو هێرشانە بەردەوام دەبن، بۆ ئەوەش داوامان لە بەغدا کردووە هێزەکانی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن. لەبارەی بە عەرەبکردنی گوندی پەلکانەش کە دوێنێ هەڵمەتەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن عەرەبی هاورده و بەشێک لە هێزە عێراقییەکان دەستپێکردبوو، سیروان بارزانی گوتی: کارەکە مەترسیدارە بەتایبەت کە ئێستا پەیوەندی هەرێم و بەغدا باشن. دەیێت حکوومەتی هەرێم و پەرلەمان لەوبارەیەوە بڕیار بدەن و هەنگاوی پێویست بنێن.

بەڕێوەبەری نیویۆرک تایمز لە بەغدا:

حەشدی شەعبی بەسەر 30 گرووپدا دابەش بوون و ژمارەیان نزیکەی 125 هەزار چەکدار دەبێت

بەشێک لە حەشدی شەعبی بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراق چوونەتە سەر سنووری سووریا



سعوودیە.. هێرشکردنە سەر دوو وێستگەی نەوت

خالید فالح: لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرشکراوەتە سەر دوو وێستگەی نەوت لە وڵاتەکەمان

وەزیری وزەی سعوودیە، خالید فالح ڕایگەیاند، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشکراوەتە سەر دوو وێستگەی نەوت. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیە بڵاویکردەوە، خالید فالح گوتی: هێرشەکە بەڕەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ئەنجامدراوە. سەبارەت بە زیانەکانی هێرشەکەش وەزیری وزەی سعوودیە، خالید فالح ڕایگەیاند کە لە ئاکامی هێرشەکەدا ئاگرێکی گەورە لە وێستگەی ژمارە هەشت کەوتەوە، بەڵام تواندراوە ئاگرەکە بکوژێندرێتەوە کە زیانێکی زۆری بە وێستگەکە گەیاندووە.

کەنالّی مەسیرە سەربە حووسییەکان بڵاویکردەوە کە حەوت فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربە حووسییەکان هێرشیانکردووەتە سەر ژمارەیەک وێستگەی نەوت لە سعوودیە. خالید فالح ڕاشیگەیاندووە کە سعوودیە ئیدانەی ئەو هێرشە ترسنۆکانە دەکات و ڕایگەیاندووە "ئەم هێرشە تیرۆریستییە و تێکدەرە لەگەڵ ئەو هێرشانەی کە بەم دواییانە کرانە سەر چوار کەشتی لە نزیک ئاوەکانی ئیمارات، تەنها سعوودیە بەئامانج نەکراوە. وەزیری وزەی سعوودیە، خالید فالح ئەوەی وەبیرهێناوەتەوە کە جارێکی دیکە بەئامانجکردنی هەناردەکردنی نەوت بۆ جیهان ئەوە دەردەخات کە گرنگە زیاتر هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم گرووپە تیرۆریستییەکان بخرێنەگەڕ لەنێویاندا میلیشیا حووسییەکان کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن.

ئەمەش لە کاتێکدایە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، دوو کەشتی نەوت هەڵگری سعوودیە لە میانی پەرینەوەیان لە کەناوی عەرەبی لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات، ڕووبەڕی هێرشێکی تێکدەرانە بوونەوە.



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

پەرلەمانتاریشیان لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە و زۆر زەحمەتە کۆنترۆڵکردنیان.

بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە بەغدا هەروەها دەڵێت: گرووپەکانی حەشدی شەعبی هەندێکیان ڕۆڵی پۆلیس و ئاسایش دەبینن لە چەند ناوچەیەکی عێراقدا کە پۆلیس و سوپای عێراق توانای پاراستنی نەبووە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم چەکدار و گرووپانەی حەشدی شەعبی ئامادە نین لە چوارچێوەی یاسا کار بکەن و بەشی هەرەزۆریان لە دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ دەجوڵێنەوە و گەورە بەرپرسانی سەربازی و ئەمنی عێراقیش ئایانەوێت بەراشکاوی ئەم ڕاستییە بڵێین، بۆ نموونە بەشێک لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق چوونەتە سەر سنووری سووریا و تەنانەت بەشێکیشیان داخلی سووریا بوون، ئەمەش بەرپرسانی سەربازی و حکومی عێراقی تووڕە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون یان نەیانتوانی هیچ کاردانەوەیەکیان بەرانبەر ئەم جۆلە سەربازییە هەبێت.

ئەلیسا ڕوبین لەبارەی هەڵوێستی موقتەدا سەدر نووسیوێتی: ئەگەرچی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا موقتەدا سەدر وا پیشان دەدات کە لەگەڵ ئێران نییە و نایەوێت ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەربدات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر شەڕێک لە نێوان ئەمەریکا و ئێران دروست بێت، موقتەدا سەدر لایەنگری ئێران دەبێت.

لەلایەکی تردە ئەنتۆنی کوردسمان شرۆڤەکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی لەسەر ڕۆڵی حەشدی شەعبی دەڵێت: گرووپەکانی حەشدی شەعبی کە ژمارەیان نزیکەی 125هەزار چەکداری فیعلین و لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە مووچەیان پێدەدرێت ئێستا وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکدا مامەڵە دەکەن و لە کۆنترۆڵدا نین و لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن و مەشق وەردەگرن و ڕاستەوخۆش سەر بە فەیلەقی قودس و سوپای پاسدارانی ئێرانن.

نووسەری بابەتەکەی نیویۆرک تایمز هەروەها دەڵێت: لانیکەم دوو گرووپی ناو حەشدی شەعبی ڕاستەوخۆ شەڕیان کردووە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا بەهاندانی ئێران و ئێستا زۆربەی بەرپرسانی عێراقی کە نایانەوێت وڵاتەکەیان لەژێر هەژمونی ئێران بێت، مەترسی دەستوەردان و کاریگەریی ئێران لەسەر حەشدی شەعبی هەیە.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/5/15 ژمارە (5750)
خەبات

ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان:

لە نێوان 20 بۆ 25ی ئەم مانگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت

پێمانخۆشە لایەنەکانی دیکەش کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم هەبێت

کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەت دەبێت



ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: ئەو کاندیدەی ئێمە هەمانە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بەرێز نێچیرڤان بارزانییە، بەپێی ڕێککەوتنمان لەگەڵ لایەنەکانیش، کاندیدی ئێمە، کاندیدی پارتی، گۆڕان، یەکێتییە، چونکە ڕێککەوتووین کە بەو جۆرە بێت لەگەڵ ئەوەشدا کاندیدی هاوپەیمانەکامانە کە پێکهاتەی ئەو ولاتەن، واتە ئێستا کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندیدی قەوارەیەکە، گرووپێکە کە لە ئەنجامدا 91 دەنگی کورسی پەرلەمانی هەیە.

دەشڵێت: ئومێد دەکەین لایەنەکانی دیکەش کاندیدیان هەبێت یا کەسانی بێلایەن، ئەوانەی کە لە خۆیان ڕادەبین بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە، کاتی خۆشی کە پێداگریمان دەکرد کە لەناو گەلەوە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت تا ئەو مافە مافی دەستەبەرکراوی هەموو هاوواڵاتیان بێت، بۆیە خۆشحاڵین بە بوونی کاندیدی زۆر بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم چونکە بە زۆربونی کاندید پرۆسەکە جوانتر و ڕێکتر دەکات. دەربارەی ئەوەی داوای بەڵێن لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان و کەمە نەتەوایەتییەکان کە پەرلەمانتارانیان دەنگ بدەن بە سەرۆکی هەرێم؟ ئومێد خۆشناو گوتی: ئێمە هێشتا هیچ کۆبوونەوەیەکمان لە نێوان فراکسیۆنەکان نەبووە، بەڵام بە دڵنیایی کۆبوونەوە و گفتوگۆمان دەبێت هەم لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر پێکهێنانی حکوومەت.

واتە بەنیازن داوای بەڵێن لە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان بکەن پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەیان پابەند بکەن بەدەنگدان بە کاندیدی سەرۆکی هەرێم (نێچیرڤان بارزانی)؟ ئومێد خۆشناو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی: تا ئێستا باسمان نەکردووە، بەڵام کە کاتی هات ئەو بابەتەش بە فەرمی لەگەڵ فراکسیۆنەکان باس دەکەین.

خۆشناو گوتیشی: ئەندامی پەرلەمان ئازادی خۆی هەیە لە هەڵسوکەوتکردن لە چوارچێوەی ئازادییەکانی خۆی لەناو هۆڵی پەرلەمان، حزبی سیاسیش ڕێککەوتنی هەیە دەبێت ئەو متمانەیە تۆختر بکاتەوە لەنێوان هێزەکان کە ڕێککەوتنمان هەیە ئێمە لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەوە نەک تەنها بۆ سەرۆکی هەرێم بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکان و وەزیرەکان، وەک گوتم لەگەڵ فراکسیۆنەکان هیچ قسەیەکمان نەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە قسەمان دەبێت.

هیچ لایەنێک بە فەرمی ڕایەنگەیاندووە هەرچەندە ئێمە ئاگادارین کە گفتوگۆ لە نێوان لایەنەکان بۆ ئەو بابەتە هەیە، بەڵام ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە کاندیدی تر هەبێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چونکە پرۆسەکە پرۆسەیەکی دیموکراسیە ئومێد دەکەین لایەنەکانی دیکەش کاندیدیان هەبێت یا کەسانی بێلایەن ئەوانەی کە لە خۆیان ڕادەبین بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە، کاتی خۆشی کە پێداگریمان دەکرد لەناو گەلەوە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت تا ئەو مافە مافی دەستەبەرکراوی هەموو هاوواڵاتیان بێت، بۆیە خۆشحاڵین بە بوونی کاندیدی زۆر پۆستی سەرۆکی هەرێم چونکە بە زۆربونی کاندید پرۆسەکە جوانتر و ڕێکتر دەکات.

ئومێد خۆشناو گوتیشی: کاتی خۆی کە دەیانگوت سەرۆکی هەرێم بە ڕێککەوتنی لایەنەکان دەبێت نەک گەل بڕیار دەدات ئەوە ئێستا وەڵامەکەمان وەرگرتەوە، ئێمە دەمانگوت دەبێت گەل بڕیار بدات لەپێناو پارێزگاری کردن بوو لەو مافە سەرەتاییەی هاووڵاتیان بوو. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە لەگەڵ ئەو لایەنانە کە سەرۆکی هەرێم بۆ کێ بێت، سەرۆکی حکومەت بۆ کێ بێت و جێگرەکان، وەزیرەکان هەتا دەستەکان و خوار وەزارەتەکانیش لەسەری ڕێککەوتوین، بۆیە لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا ئێمە هەموومان پابەندین و دەبێت پابەندیش بین بەو ڕێککەوتنەوە. بە دڵنیایی کۆبوونەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان دەبێت هەم لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر پێکهێنانی حکوومەت.

لە وەڵامی ئەوەی ئایا پارتی هیچ بەڵێنێکی وەرگرتووە لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان و کەمە نەتەوایەتییەکان کە پەرلەمانتارانیان دەنگ بدەن بە سەرۆکی هەرێم؟ ئومێد خۆشناو گوتی: ئێمە هێشتا هیچ کۆبوونەوەیەکمان لە نێوان فراکسیۆنەکان نەبووە، بەڵام بە دڵنیایی کۆبوونەوە و گفتوگۆمان دەبێت هەم لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر پێکهێنانی حکوومەت.

واتە بەنیازن داوای بەڵێن لە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان بکەن پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەیان پابەند بکەن بەدەنگدان بە کاندیدی سەرۆکی هەرێم (نێچیرڤان بارزانی)؟ ئومێد خۆشناو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی: تا ئێستا باسمان نەکردووە، بەڵام کە کاتی هات ئەو بابەتەش بە فەرمی لەگەڵ فراکسیۆنەکان باس دەکەین.

خۆشناو گوتیشی: ئەندامی پەرلەمان ئازادی خۆی هەیە لە هەڵسوکەوتکردن لە چوارچێوەی ئازادییەکانی خۆی لەناو هۆڵی پەرلەمان، حزبی سیاسیش ڕێککەوتنی هەیە دەبێت ئەو متمانەیە تۆختر بکاتەوە لەنێوان هێزەکان کە ڕێککەوتنمان هەیە ئێمە لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەوە نەک تەنها بۆ سەرۆکی هەرێم بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکان و وەزیرەکان، وەک گوتم لەگەڵ فراکسیۆنەکان هیچ قسەیەکمان نەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە قسەمان دەبێت.



حەلبوسی لە هاوپەیمانیی میحوەری وەتەنی دوورخرایەوە

هاوپەیمانی میحوەری وەتەنی، محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی لە ڕیزەکانی دوورخستەوە و لە بەرامبەریشدا کوتلەیەکی نوێ بەناوی یەکێتی هێزە عێراقیەکان ڕاگەیەنرا. لە ڕاگەیەنراوێکیدا ڕۆژی دووشەمە هاوپەیمانی میحوەری وەتەنی دوورخستنەوەی حەلبوسی و ژمارەیەک لە ئەندامانی کوتلەکەی ڕاگەیاند، بەهۆکاری ئەوەی پابەندی ئامانج و چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکە نەبوون. لە بەیاننامەکە هاتووە هەوڵەکانی حەلبوسی بۆ پەرتەوازەکردنی هاوپەیمانێتییەکە بووە و پابەند نەبووە بەو چوارچێوە و ئامانجانەی کە هاوپەیمانێتیەکەی لە پێناو دروست بووە.

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا هاوپەیمانێتی میحوەر ئاشکرای دەکات بە وەرگرتنەوەی ئەندامێتی لە حەلبوسی ناوەستێ، بەڵکو کار دەکات بۆ دوورخستنەوەیشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان. لە بەیاننامەکە هاتووە هاوپەیمانی میحوەر هەوڵ دەدات لەگەڵ هاوپەیمانی و قەوارەکانی تر دانووستاندن بکات بۆ ئەوەی حەلبوسی لە سەرۆکی پەرلەمان بگۆڕێ بە کەسێکی تر کە زیاتر هاوسەنگ بێت بۆ دەسەڵاتی یاسادانان لە قۆناغی داهاتوودا.

عێراق لە شەڕی ئەمەریکا و ئێران خۆی یەکلادەکاتەوە

پسپۆڕێکی ئەمنیی عێراقی ڕایدەگەیەنێت، کە ولاتەکەی لە شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران، بێ لایەن نابێت و دەچێتە پاڵ ئێران. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، عەباس ئەلعەردواوی، پسپۆڕی ئەمنیی عێراقی ڕایگەیاندووە، ئەمەریکا دانی بەوەدا ناوە، کە 50 هەزار سەربازی لەسەر خاکی عێراقدان، کە پلانی زایۆنیزمی جیهانییە و بۆ بەردەوامیدانە بە کردە تیرۆریستییەکان لە عێراق. عەباس ئەلعەردواوی هەروەها ڕایگەیاندووە، کە ئەگەر هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراقەوە هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوا هێزە ئەمنییەکان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئێران ڕادەگەیەنن و شەڕی هێزە ئەمەریکییەکان دەکەن.

ئەو لێدوانە لەکاتێک دایە، کە هەفتەی ڕابردوو مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کرد و سەرچاوە میدیاییەکانیش ئاماژەیان بەوە کرد، کە پۆمپیۆ هۆشداریی داوە لەوەی هەر گرووپێک هێرش بکاتە سەر هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق، ئەمەریکا دەیخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە.

مامۆستایەکی زانستە سیاسییەکان بۆ «خەبات»:

بە کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم پرۆسەی سیاسی ئاسایی دەبێتەوە

دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم گوزارشت لە بەهێزیی پێگەی سیاسیی کوردستان دەکات

خەبات/

تەحسین زراری مامۆستای زانکۆ باس لە گرنگی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات و پێیوایە بەهۆی سڕکردنی دامەزراوەکە لە ڕابردوودا، بۆشاییەکی سیاسی گەورە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستبوو. هەروەها دەشڵێت: وەک دامەزراوەیەکی یاسایی و سیاسی ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی بینیوە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لە بەرەو پێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد.



تەحسین زراری، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، سەبارەت بە گرنگی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، ڕایگەیاند: دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی یاسایی و سیاسی ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی بینیوە هەم لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دەکات.

تەحسین زراری، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، سەبارەت بە زیانەکانی هەڵپەساردنی بەشێک لە کارەکانی دامەزراوەکە، ڕاشیگەیاند: دوای پەکخستنی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەسەر پەرلەمان و حکوومەت لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و هەڕەشەی لەناوبردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دەرخەری ئەوەیە لە غیابی ئەو دامەزراوەیە بۆشایی سیاسی گەورە دروستبوو لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کە هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بە کاراکردنەوەی دەرکرد و بە زۆربنەی دەنگی پەرلەمانتارانیش پەسەندکرا، ئەو مامۆستایەی زانستە سیاسییەکانی لەمبارەیەوە بۆ خەبات، ڕایگەیاند: کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندی دەرەکی لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیش، چونکە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم گوزارشتە لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی ناوخۆیشدا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە پرۆسەی سیاسی و لە یەک نزیکبوونەوەی پارتە سیاسییەکان لەپێناو بەهێزبوونی متمانەی سیاسی نێوان لایەنەکان. تەحسین زراری پێشیوایە ئەم هەنگاوی کاراکردنەوەیەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لە ڕوانگەی ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە دوای لە کارخستنی ئەم دامەزراوەیە هاتووەتە ئاراوە نامێنێت و پرۆسەی سیاسی ئاسایی دەبێتەوە.

8143 کەس لەوانەی داعش دەستبەسەریکردبوون، چارەنووسیان نادیارە

هیومن رایتس وۆچ: پێویستە ئەو شوێنەوارە ترسناکانەی داعش لە دوای خۆی بەجێیهێشتوون بسڕێنەوە



ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (هیومن ڕایتس وۆچ) داوای لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژبە داعش کرد چارەنووسی ئەو کەسانەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەستگیریکردبوون ڕوون بکرێتەوە چونکە خانەوادە و کەسە نزیکەکانیان چاوەڕێن دۆخی ئەو کەسانە ئاشکرابکرێت. هیومن ڕایتس وۆچ ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بەو کەسانەی لە میانی داگیرکاریی داعشدا دەستبەسەرکرابوون و چارەنووسیان نادیارە، بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە خانەوادە و کەسە نزیکەکانی ئەو کەسانەی لە لایەن ڕێکخراوەکەوە دەستبەسەرکرابوون، بە مەبەستی دەستخستنی زانیاریی چاوەڕێی هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان. لە ڕاگەیەندراوەکەی هیومن ڕایتس وۆچ دا ئاماژە بە زانیارییەکانی تۆڕی مافەکانی مرۆڤ لە سووریا کراوە و تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە 8143 کەس لەو کەسانەی داعش دەستبەسەریکردبوون، چارەنووسیان نادیارە.

لە ڕاپۆرتەکەدا بانگەواز ئاراستەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش کراوە و هاتووە "دەبێت هێزەکانی هاوپەیمانی پێشینە بدات بە بەشکردنی ئەو زانیارییەی لەبەردەستی دایە لەگەڵ خێزانەکان (ئەو خێزانانەی هەواڵیان لە منداڵەکانیان نییە). دەبێت هێزەکانی هاوپەیمانی هاوکاربن لە داناینی میکانیزمێک لەبارەی چارەسەری دۆسیەی بێ سەروشوێنەکان".

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا لێدوانەکانی بەڕێوەبەری یەکەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، نەدیم هوری خراوەتەڕوو کە دەڵێت "دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی دژبە داعش کۆتاییانهێنا بەو جەنگەی لە گۆڕەپاندا دژبە داعش دەکرا، پێویستە ئەو شوێنەوارە ترسناکانەی داعش لە دوای خۆی بەجێیهێشتوون بسڕێنەوە. ئاشکراکرد و ڕوونکردنەوەی چارەنووسی ئەو کەسانەی داعش فڕاندوونی بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ هەزاران خێزان".

هۆشداریییەکی تووند لە تەمپەوە بۆ ئێران

ئەگەر ئێران هەر هەنگاوێک لە بەرامبەر ئەمەریکادا بهاوێژێت وەڵامەکەی قورس دەبێت



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ئاشکرایکرد ئەگەر بێت و ئێران هەر هەنگاوێک لەبەرامبەر ئەمەریکادا بهاوێژێت، ئەوا وەڵامەکەی بە شێوەیەکی "قورس" وەردەگرێت. دۆنالد ترەمپ لە میانی میواندارییکردنی سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا، ڤیکتۆر ئۆربان لە کۆشکی سپی، ڕوونکردنەوەی سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا-ئێران دا.

ترەمپ جەختی لەوەکردەوە کە بە تێپەڕینی کات ئەوە ڕووندەبێتەوە کە گرژییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئێران بە کۆی قورس دەبێت. سەرۆکی ئەمەریکا هەنگاوەکانی ئەم دوایییەی ئێرانی بە "هەڕەشەئامێز" ناوبرد و هەفتەی ڕابردووش لە لێدوانێکدا لە کۆشکی سپی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە ئێران کردبوو، هاوکات ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ لەپێناو ڕێککەوتننامەیەکی نوێی ئەتۆمی لەگەڵ سەرکردە ئێرانییەکاندا دەربڕیبوو.

لەلایەکی دیکەوە دۆنالد ترەمپ ئاشکرایکرد لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا و لە پەراوێزی لووتکەی G20دا کە لە ژاپۆن بەڕێوەدەچێت، لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پوتین و سەرۆکی چین، شی جینگ پینگ کۆدەبێتەوە.

ترەمپ باسی لەوەش کرد هیچ سەرۆکێکی وڵاتەکەی لەو تووندتر نەبووە بەرامبەر بە ڕووسیا و سەردەڕای ئەوەش دیسان ڕەخنەی زۆری لەوبارەیەوە ناڕاستە دەکرێت. سەبارەت بە بازرگانیی لەگەڵ چین، ترەمپ پێی وابوو کە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ شی جینگ-پینگ لە ژاپۆن گرنگ دەبێت و گوتی: ئومێدەوارم ئەم کۆبوونەوانە بەسوود بن.

یەکێتیی ئەورووپا داوا لە ئەمەریکا و ئێران دەکات دانوستان ئەنجام بدەن

نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش، فێدێریکا مۆگێرینی ڕایگەیاند کە ئەوان لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لەگەڵ دانوستاندان. فێدێریکا مۆگێرینی دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەوەی کە ئایا یەکێتیی ئەورووپا توانیوویەتی لە کۆبوونەوەی دوێنێی بڕۆکسلدا داوا لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ بکات بۆ ئەوەی ڕازی ببێت بۆ گەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئێران گوتی: ئەوە داوا کرا لە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ ئەو (مایک پۆمپیۆ). وەک دەزانن وەک یەکێتیی ئەورووپا هەمیشە لەگەڵ دیالۆگ و پەیوەندی دیپلۆماتیدا بووین لەبارەی ئێران. بۆیە ئێمە هەمیشە لەگەڵ دانوستانداین. فێدێریکا مۆگێرینی ئاماژەی بەوەش داوە کە داوای لە مایک پۆمپیۆ و ژمارەیەک وەزیری ئەمەریکی کردووە خۆیان ببوێرن لە بەرزبوونەوەی گرژییە سەربازییەکان لەگەڵ ئێران و بە پێویستیشی زانی ئێران بە سەرجەم ئەو بەرپرسیارێتییانە هەڵبستێت کە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا باسیان لێوە کراوە.

نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش، فێدێریکا مۆگێرینی لەبارەی زیانگەیاندن بە چوار کەشتی کارگۆی مەدەنی بازرگانی چەند وڵاتێک لە کەناراوەکانی ئیمارات لە نزیک بەندەری فجێرە گوتی: هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوەکە دەکەین. داوای نەرمی نواندن لە لایەنەکان دەکەین. فێدێریکا مۆگێرینی سەبارەت بە گەڕان و پشکنینەکانی تورکیا لە گازی سروشتی لە نزیک دووڕگەی قوبرس، جەختی لەسەر لێدوانەکانی پێشووی یەکێتیی ئەورووپا کردەوە لەمبارەیەوە و داوای کرد تورکیا ڕێز لە مافەکانی سەروەرێتی ئیدارەی ڕۆمی بگرێت.

پلانێکی ئەمەریکا لە دژی ئێران ئاشکرا دەبێت

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا داوای کردووە 120 هەزار سەرباز ڕەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکرێن



دوێنێ سێشەممە 2019/5/14 ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لە زاری سەرچاوەکانییەوە باڵاوی کردووەتەوە، کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەو وڵاتە لەگەڵ گەورە یاریدەدەرەکانی بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی کۆ بووەتەوە. هەروەک ڕۆژنامەکە ئاشکرای کردووە، کە پاتریک شاناهان، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بە وەکالەت پلانێکی پێشکەشی دۆنالد ترەمپ کردووە بۆ ناردنی 120 هەزار سەربازی وڵاتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەپێی پلانەکە، ئەو 120 هەزار سەربازە لە ئەگەری هەر هێرشێکی سوپا و هێزەکانی ئێران بۆ سەر هێزە ئەمەریکییەکان یان دەستپێکردنەوەی تاقیکردنەوە ناوکییەکان لەلایەن ئەو وڵاتەوە، دەنێردرێنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەو پلانە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی توندی جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکایە لە دژی ئێران، کە بەردەوام هەڵوێستەکانی دژی ئەو وڵاتەیە. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لە کۆبوونەوەکەدا سەرکردە ئەمنی و سەربازییەکانی ئەمەریکا هیچ نیازێکیان بۆ داگیرکردنی ئێران لەڕێگەی هێزی زەمینییەوە نیشان نەداوە، چونکە لەو باوەڕەدان داگیرکردن پێویستیی بە هێزی زیاترە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە پێک دێت، کە بریتین لە وڵاتانی تورکیا، سووریا، لوبنان، ئیسرائیل، ئوردن، سعودیە، یەمەن، عومان، بەحرێن، ئیمارات، قەتەر، کوێت، عێراق، ئەفغانستان و پاکستان و بەشێک لە سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن، کە میسریش بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

فڕۆکەی F16 و F35ی ئەمەریکی دەورییەی چاوسوورکردنەوە لە دژی ئێران ئەنجام دەدەن



گوتەبێژی فەرماندەیی هێزی ناوەندییەکانی ئەمەریکا عەمید بیل ئۆربن ئاشکرایکرد فڕۆکەی F16 و F35ی سەربە هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا، لە کەندەاوی بەسرە "دەورییەی چاوسوورکردنەوە"یان لە دژی ئێران ئەنجامداوە. لە وەڵامی پرسیارەکانی پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلدا، عەمید بیل ئۆربن، ڕایگەیاند: "ئەوان (فڕۆکەی F16 و F35) یان بەمەبەستی بەرگریکردن لە هێزەکان و بەرژەوەکانییەکانی ئەمەریکا بە باشترین شێوە، جێگیرکراون. لە کەندەاوی عەرەب (بەسرە) دەورییەی چاوسوورکردنەوە کە ئامانج لێیی بەرگرییە، ئەنجامدەدەن. سەبارەت بەوەش کە ئایا ئەم فڕینانە وەک نیشاندانی هێز ناودەنرێن یان نا، بیل ئۆربن ڕایگەیاند: ئەمە نیشاندانی هێز نییە بەڵکو بە ئامانجی چاوسوورکردنەوە دژی دوژمنکارییەکان، نیشاندانی بوونمانە. ئەمە جێگیربوونە بە باشترین شێوەی بەگرییکردن لە هێزەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا.

باکووری کوردستان... دۆزینەوەی تەرمی نۆ کۆچبەری نایاسایی




لە شارۆچکەی باشکالە سەربە پارێزگای وانی باکووری کوردستان لەسەر سنوور لەگەڵ ئێران، تەرمی نۆ کۆچبەری نایاسایی دۆزرایەوە. ئەوانەی تەرمەکانیان لە گوندەواری ناوچەکانی بۆغروپەک و کاشکۆڵی لەسەر سنوور لەگەڵ ئێران بەدیکردبوو، جەندرمەیان ئاگادارکردبووەوە. دوای گەیشتنی تیمەکان، تەرمی نۆ کەس لە نزیک چەمی لیز دۆزرایەوە. تەرمەکان کە دوای توانەوەی بەفری ناوچەکە دەرکەوتوون، تەرمی ئەو کۆچبەرە نایاساییانەن کە لە وەرزی زستاندا لە میانی تێپەڕبوونیان بەو ناوچەیەدا بە هۆی نزمبوونەوەی لە ڕادەبەدەری پلەکانی گەرماوە گیانیان لەدەستداوە. تەرمەکان بە هۆی ئەوەی لە لایەن ئاژەڵی درندەوە پەلاماردرابوون، تێکچووبوون. دوای لێکۆڵینەوەی داواکاری گشتییش تەرمەکان ڕەوانەی دەزگای پزیشکی دادوەری وان کران بە مەبەستی ئەنجامدانی توێکاری.

کرملین: جەنگی بازرگانیی ئەمەریکا و چین جەنگی ڕووسیا نییە

گوتەبێژی کرملین، دمیتری پێسکۆڤ بە ئاماژەدان بەوەی کە 'جەنگی بازرگانی 'نێوان ئەمەریکا و چین کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ئابووری جیهان، ڕایگەیاند، بەڵام ئەوە جەنگی ئێمە نییە. ڕووسیا گرنگی دەدات بە پتەوکردنی پەیوەندییە سەربەخۆکانی لەگەڵ پەکین و واشنتۆن. دمیتری پێسکۆڤ لە مۆسکۆ لەبارەی دوا پێشهاتەکان دوای ئەوەی کە ئەمەریکا و چین لە کۆبوونەوە دووقۆڵییەکانیان سەبارەت بە بازرگانی نێوانیان نەگەیشتن بە ئەنجام، بۆ میدیاکاران دوا. گوتەبێژی کرملین ئاماژەی بەوە دا کە 'جەنگی بازرگانی 'نێوان ئەمەریکا و چین کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ئابووری جیهان و گوتی: بەڵام پێویست ناکات ئەگەری کاریگەری ئەو جەنگە گەورە بکرێت لەسەر ئابووری ڕووسیا. لەوانەیە گەشەی ئابووریان بەپێی خواستی ئێمە نەبێت، بەڵام بە سەقامگیرییەکی گونجاوەوە بەڕەو پێش دەچیت. دمیتری پێسکۆڤ لەبارەی هەنگاوەکانی وڵاتەکەیشەوە سەبارەت بەو جەنگە بازرگانییە گوتی: لەوانەیە ئەمەریکا و چین بچنە ناو جەنگی بازرگانییەوە، بەڵام ئەوە جەنگی ئێمە نییە.

چین بە 60 ملیار دۆلار تۆڵە لە ئەمەریکا دەکاتەوە



چین ئاشکرایکرد بە ڕێژەی لەنێوان لەسەدا پێنج بۆ لە سەدا بیست و پێنج، پێناسی گومرگیی سەر ئەو کاڵایانەی زیادکردووە کە لە ئەمەریکا بەرهەم دەهێنرێن و بایی 60 ملیار دۆلارن. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن دەستەی باج و پێناسەکان کە سەربە ئەنجوومەنی دەوڵەتی چین، بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە وەک تۆڵەکردنەوە لەوەی کە ئەمەریکا پێناسی گومرگی لەسەر کاڵا چینییەکان کە بایی 200 ملیار دۆلارن لە 10 لەسەداوە بۆ 25 لەسەدا، بەرزکردووەتەوە، بڕیارماندا ڕێژەی لەنێوان لەسەدا پێنج بۆ لە سەدا 25 پێناسی گومرگیی سەر ئەو کاڵایانە زیادبکەین کە لە ئەمەریکا بەرهەم دەهێنرێن و بایی 60 ملیار دۆلارن. هەر لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە پێناسە گومرگییەکان لە یەکی حوزەیرانەوە دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە و زیادکردنەکە لە ئاستەکانی لەسەد پێنج، لەسەدا 10 لەسەدا 20 لەسەدا 25ـە و دەخرێتە سەر دوو هەزار و 493 بەرهەم و کاڵای ئەمەریکی.

خەبات www.xebat.net
چوارشەممە 2019/5/15 ژمارە (5750)

«خەبات» بەدواداچوون بۆ کێشەی دواکەوتن و کەمیی پاسەپۆرت دەکات

داوا لە حکوومەتی عێراق دەکرێت پاسەپۆرتی زیاتر بۆ هەرێم بنێرێت

بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر بڕیارێکی تازە دەردەکات و داوا لە هاوواڵاتیان دەکات هەرکەسێک لە شارەکەی خۆی پاسەپۆرت وەربگرێت

بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر: ئێستا حەفتانە لە بەغداوە تەنها هەزار پاسەپۆرت دەگاتە دەستمان





بەدواداچوون: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر قادر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر دەفتەری پاسەپۆرت واتا پاسەپۆرتی پڕ نەکراوە زۆر بەکەمی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پێشتر ئەو پاسەپۆرتە لەوڵاتی ئەڵمانیا چاپ دەکرا، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2018 حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی پاسەپۆرت رێکەوتنێکی کرد، کە ئەو چاپخانەیە لەشاری بەغدا دابندرێت و ئێستا لەوێ دانراوەو دەستیان بەکارکردن کردووە، لەمانگی یەکی ئەمساڵەوە پاسەپۆرت لەبەغدا چاپ دەکرێت بەسەرپەرشتی ژمارەیەک شارەزای ولاتی ئەڵمانیاو ژمارەیەک شارەزای عێراق لە بەغدا.

پێشتر هەموو حەفتەیەک 15 هەزار پاسەپۆرت هاتووە

عەمید دیدار عومەر دەڵێت: لەسەرەتادا بەرهەمیان کەم بوو، بەڵام ئێستا بەپێی ئەو زانیارییانەی کەبەدەستمان گەیشتووە تاوەکو ئێستا لەبەر نەبوونی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی عێراق لە بەغدا کاروبارەکان بە رێکوپێکی بەڕێوە ناچێت و گرێبەستەکان واژۆ نەکراوەو کێشەیان لەگەڵ پاسەپۆرتی هەولێر بەکەین مانگانە 15هەزار پاسەپۆرت وەردەگرین و مانگانە نزیکەی (4هەزار تا 5هەزار) پاسەپۆرتمان وەرگرتووە، دیارە ئەو هۆکارەش وایکردووە، کە ئێستا زیاتر لە 17هەزار مامەڵە ڕەزامەندی پاسەپۆرتی هەیە و لەسەرمان کۆبۆتەوەو دەخەن، لەلایەکی دیکەش کەمی پاسەپۆرت کێشەیە ڕۆژانە سەرەکی ئێمەیە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، لێرەوە ئاماژە بەوە دەدەین کە لەمانگی یەک هەتا مانگی شەش ژمارەی ئەو هاوواڵاتیانەی کە سەردانیان دەکردین هێندە زۆرنەبوو، بەپێچەوانەوە ئێستا ژمارەی هاوواڵاتیان زۆرە، ئەگەر کار وابڕوات لە دوای پشووی هاوین و داخستنی دەرگای خوێندن، ئەوا ژمارەی ئەو هاوواڵاتیانەی کەدێنە لامان دەبێتە دوو هێندە، بۆیە لێرەوە ئێستا حەفتانە سێ ئەفسەر ڕەوانەی بەغدا دەکەین، بەو بارودۆخە ناهەمواریەی بەغدا، ئەو ئەفسەرانە دەچن و پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێت و ماوەی چەند ڕۆژێک دەمێننەوەو کرێکار دەگرن وپاسەپۆرتەکان بەخۆیان هەڵدەگرن هەتا دەیهێننەوە، ئەو کارەش ئاوا ئاسان نییەو هەماهەنگیەکی تەواومان لەگەڵ بەغدا هەیەو بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر لەچاو فەرمانگەکانی دیکە زیاتر پاسەپۆرتمان وەرگرتووە لەبەر ئەوەی کەشاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بەڵام هێشتا فریا ناکەوین.

بەکەین و بەکەسەکەی بدەینەوە، لەبری تەواوکردنی مامەڵەکەش 250هەزار دینار وەردەگیرا، لەهەموو ولاتانی ئەوروپاو ولاتانی عەرەبیش ئەوە هەیەو پارەکەش وەکو رسومات بۆ بەغدا دەڕوات، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوەو ئەو جۆرە مامەڵەیەش ئێستا وەستاوەو ئەویش (3تا 4ڕۆژ دەخایەنێت) ئەوا ئەو کارەش ئاوا ئاسان نییەو دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر بچنە بەغدا بۆ وەرگرتنی پاسەپۆرت.

عەمید دیدار عومەر بۆ «خەبات»: لە ئێستادا تەنیا پاسەپۆرت بە خەڵکی هەولێر دەدەین



قورسە بۆ ئێمەش، پێشتر کێشەی پاسەپۆرتمان هەرنەبوو، بەڵکو کێشەی شەبەکەمان هەبوو، ئێستا کێشەی شەبەکە نەماوە، کێشەی نەبوونی پاسەپۆرت کێشەیەکی گەورەیەو بۆمان دروست بووە، دووبارە داوا لەهاوواڵاتیان دەکەین ئەو کەسانەی کە پەلەیان نییە سەردانیمان نەکەن و ئەوانەی کە پەلەیانە لە دەرهێنانی پاسەپۆرت یاخود باری دارایی باشە دەتوانن کەرکوک و بەغداو شارەکانی دیکە هەریەکەو بەشی خۆی هەیەو هەرکەسەو لەشوێنی خۆی دەتوانێ پاسەپۆرت وەرگرێت.

زانیاری بۆ ئەوانەی کە پاسەپۆرتیان وەنەگرتووە

عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر قادر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر سەبارەت بەو کەسانەی کە پاسەپۆرتەکانیان وەنەگرتووە ڕوونیکردەوە: ئەوانەی کە پاسەپۆرتیان دڕاوە یاخود سووتاوە یاخود ونیکردووە سەردانی دادوەری پاسەپۆرت دەکەن لە دادگای هەولێر و داواکارییەک پێشکەش دەکات و لەوێ ئیجراتاتی یاسایی دەکرێ، دواتر دادوەر بەنووسراوێکی فەرمی ئاگادارمان دەکاتەوە کە پاسەپۆرت بۆ ئەو کەسە پاسەپۆرتەکەیان بە (خزمەتگوزاری خێرا) تەواو بکەن.

کێشەی پاسەپۆرت کە گرفتێکی گەورەیە لەبەغدایەو هەموو عێراق ئەو کێشەیەی هەیەو خودی وەزیری ناوخۆ هەوڵیداوە چارەسەری ئەو کێشەیە بکات و هەفتانە جارێک تا دووجار سەردانی بەغدامان کردووەو لەنزیکەوە ئاگامان لە کێشەکان هەیەو هەموو عێراقی گرتۆتەوە ئەگەرچی هاوکاری و قورسایی لەسەر شانی خۆمان هەیە، بەڵام ئێستا ئەو بارودۆخە باشتر بووە و ئەو کێشانە کەمتر بوونەتەوە.

لە ئێستادا زیاتر لە 17 هەزار مامەڵەی پاسەپۆرت ڕەزامەندی لەسەر دراوەو لەسەریان کۆبۆتەوەو چاپ نەکراوە

ئەو کۆمپانیایە هەیە، بۆیە پاسەپۆرت بەکەمی دێت و هەر بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی پارێزگایەک حەفتانە هەزار پاسەپۆرتی پێ دەدرێت.

لەبەرکەمی پاسەپۆرت هاوڵاتیان گلەییان هەیە

دواتر دەربارەی کەمی پاسەپۆرت عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر قادر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئەگەر ئێمە باسی بەڕێوەبەرایەتی چاپ نەکراوە، پێویستە هاوواڵاتیان ئەوە بزانن کە کێشەکە لای ئێمە نییە، بەڵکو لەبەغدایە، ئەوانەی کە تەنها مامەڵەی حاڵەتی نەخۆشیان هەیە بۆیان چاپ دەکەین و ئەوانی دیکە کە پەلەیان نییە دەبێ بوەستن تا سەرەیان دێت، بەڵام بۆ ئەوانەی کە زۆر پەلەیانە ئەوا (خدمە سریعە) هەیە بۆ ئەو کەسانە، ئەگەرچی پێشتر لە ماوەی یەک کاتژمێر دەمانتوانی پاسەپۆرتەکە تەواو دوا دەکەوێت لەبەرنەبوونی پاسەپۆرت.

لە پەنجەمۆریش کارەکە دوا دەکەوێت

دواتر دەربارەی ئەو دواکەوتنە عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەرقادر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر گوتی: پێشتریش ئەوەی کە لەماوەی یەک ڕۆژ تا دوو ڕۆژ ڕەزامەندیان دەدایەوەو ئێستا دوایدەخەن هۆکارەکەی لەبەغدایە، ئەوان کارەکان دوا داواکارین لە هاوواڵاتیان کە ئەوانە کاریان بە پاسەپۆرت نییە سەردانیمان نەکەن و پەلەمان لێ نەکەن، ئەو کێشەیەی هەیە کاتییەو بەردەوام نابێت، بەڵام ئەوەی کە مامەڵەی پاسەپۆرت پێشکەشی ئێمە دەکات، نابێ پەلەمان لێ بکەن لە چاپکردنی پاسەپۆرت، چونکە ئەوەیان کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە، پێشتر مانگی جارێک دەماننارد بۆ بەغدا 20هەزار پاسەپۆرتمان وەردەگرت، بەڵام ئێستا ئەو بارودۆخە باشتر بووە و ئەو کێشانە کەمتر بوونەتەوە.

تەنیا ئەوانەی مامەڵەی حاڵەتی نەخۆشییان هەیە پاسەپۆرتیان بۆ چاپ دەکرێت و ئەوانی دیکە کە پەلەیان نییە دەبێ بوەستن تا نۆرەیان دێت



دەرچوونی بڕیارێک

بۆ بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان ماوەی سێ ڕۆژە بڕیارێکماندواوە هەرکەسێک کە کارتی زانیاری هەولێر نەبێت ئێمە ناتوانین پاسەپۆرتی بۆ دەربهێنین لەبەر ئەوەی پێشتر پاسەپۆرت هەبوو، وەک بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرت دەتوانین پاسەپۆرت بۆ خەڵکی شاری هەولێر دابین بکەین لەبەر ئەوەی هەر پارێزگایەک بەشی خۆی هەیە لە پاسەپۆرت و زیاتری نییە، موسڵ و هەرێمی کوردستانە، بەڵام هێشتا فریا ناکەوین.

زانیاری بۆ ئەوانەی کە پاسەپۆرتیان وەنەگرتووە

عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر قادر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر سەبارەت بەو کەسانەی کە پاسەپۆرتەکانیان ونکردووە ڕوونیکردەوە: ئەوانەی کە پاسەپۆرتیان دڕاوە یاخود سووتاوە یاخود ونیکردووە سەردانی دادوەری پاسەپۆرت دەکەن لە دادگای هەولێر و داواکارییەک پێشکەش دەکات و لەوێ ئیجراتاتی یاسایی دەکرێ، دواتر دادوەر بەنووسراوێکی فەرمی ئاگادارمان دەکاتەوە کە پاسەپۆرتی هەولێر سەبارەت بەو کەسانەی کە پاسەپۆرتەکانیان ونکردووە ڕوونیکردەوە: ئەوانەی کە پاسەپۆرتیان دڕاوە یاخود سووتاوە یاخود ونیکردووە سەردانی دادوەری پاسەپۆرت دەکەن لە دادگای هەولێر و داواکارییەک پێشکەش دەکات و لەوێ ئیجراتاتی یاسایی دەکرێ، دواتر دادوەر بەنووسراوێکی فەرمی ئاگادارمان دەکاتەوە کە پاسەپۆرت بۆ ئەو کەسە دەربهێنین، بەڵام ئەوانەی بۆ دووەمجار کە پاسەپۆرتەکە وندەکەن سێ مانگ پاسەپۆرتی پێ نادرێ و غەرامەش دەکرێ تا نزیکەی یەک ملیۆن دینار، بەداخەوە هەندێ کەس گرنگی بە پاسەپۆرت نادات.

هاووڵاتیان گلەییان لە حکوومەتی عێراقە

کاروان عەلی گوتی: ماوەیەکە پەنجەمۆرم کردووەو چاوەڕوانی پاسەپۆرتەکەمم، بەڵام ئەوەش گرفتێکی دیکەیە و پەنجەمۆریش کاتێکی زۆری دەوێ.

تەحسین کەریم گوتی: حکوومەتی عیراقی بەرپرسە ئەو حاڵەتە، بەڵام بەو مانایەش نییە ئێمە لە حکوومەتی کوردستان بێدەنگ بین و پێویستە چارەسەری گونجای بۆ بدۆزرێتەوە.

سلێمان محەمەد گوتی: حەقوایە حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی عیراقەوە داوا لە حکوومەتی بەغدا بکەن چارەسەری ئەو حاڵەتانە بکات.

بەرپرسێ لقێ 1: پێکهێنا دا قۆ ڕەمەزانێ بکەینە هێڤێنێ تفاقێ و هاریکاری کرنا خێزانێن شەهید و کێم دەرامەتا



ل دیف ئێک ژ وان بەرنامێن لقا ئێک یا پارتی دیموکراتی کوردستان ژ بۆ خزمەتکرنا ڕوژیگرێن پارێزگەها دهوکێ و سێمێلێ سەربەست تڕوانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل مزگەفتێن کومەلگەها بەرشکێ ، حاج عەرەب ل گەرەکا بەروشکێ دگەل ڕوژیگرێن وێ ل بەربانگێ فتارێ بەرهەڤ بوو ، شریناهی و پێتڤێین بەربانگی بۆ وان بەرهەڤ کر بوون، بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ چەندێ کو ئەڤ ئارامی و تەناهیا هەرێما کوردستانێ ئەوا ئەم تێدا دژین ژ سایا سەرکردایەتیا حەکیمانەیا جەنابێ سەروک بارزانی و ماندیبوونا پێشمەرگەهێن قەهرەمان و خوینا عەزیزا شەهیدێن سەر بلندێن کوردستانێ یە ، بلا هەر گاڤ مە ڕوحا بەرپرسیارەتییێ هەبیت بەرامبەر خاک و نیشتمانێ خوە ب هەبوونا وان ئەم دشێن بوونێن خوە بێن ئولی و نەتەوایەتی و نیشتمانی هەمبێز بکەین، هیڤی خواست ئەڤ هەیڤە هەیڤا خێر وبەرەکەتێ بیت بۆ کوردستانێ ب پێکڤە ڤێ ڕەمەزانێ بکەنە هێڤێنێ تفاقێ و هەریکاریکرنا خێزانێن شەهید و هەژاران و دیسان خودایێ مەزن دل هینیەکێ ب دلێن کور و کچێن مالباتێن سەر بلندێن شەهیدێن مە ب بارینیت، بۆ زانین ئەڤ بەرنامێ لقا ئێک ژ بۆ خزمەتکرنا ڕوژیگرین پارێزگەها دهوکێ و سێمێلێ د هەیڤا ڕەمەزانێ دا دێ بەردەوام بیت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لابردنی پالاوگەکان 200 ملیۆنی دیناری دابین کردووە



سەرۆکی لیژنەی لابردن و داخستنی پالاوگە نایاساییەکان رایگەیاند، سەرۆکی حکوومەت وەک قۆناغی یەکەم 200 ملیۆن دیناری بۆ داخستن و لابردنی پالاوگە نایاساییەکان دابین کردووە، بڕیە چاوەڕێی وەزارەتی دارایین پارەکە خەرج بکات و دەست بە لابردنیان بکەن.

د. سامی جەلال، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم پالاوگە نایاسییەکان نەک تەنها دادەخرێن، بەڵکوو سەرجەمیان لە ڕیشەوە هەڵدەگیرێن، بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە و لە ئێستاشدا لە هەرێمی کوردستان 164 پالاوگەی نایاسایی هەن، کە سەرجەمیان دادەخرێن و لادەبرێن، بەڵام هەر لە ئێستاوە ژمارەیەکی زۆر لەوانە خۆیان دایانخستووە و ئێمەش دەمانەوێت بە تەواوی لایانبەرین. سەرۆکی لیژنەی لابردن و داخستنی پالاوگە نایاساییەکان گوتیشی: "بۆ ئەوەی دەست بە هەڵمەتی لابردنی پالاوگەکان بکەین، پێویستمان بە بودجەیەک هەبوو و داواکاریمان پێشکەشی حکوومەت کرد و لە ئێستادا سەرۆکی حکوومەت وەک قۆناغی یەکەم 200 ملیۆن دیناری بۆ دابین کردووین، ئێمەش چاوەڕێ دەکەین وەزارەتی دارایی پارەکە خەرج بکات و دەستبەکار بین، بۆیە لە نزیکترین کاتدا دەست بە لابردنیان دەکەین".

کونسلێ فرەنسا: بەردەوام دێ هاریکاریا هەرێما کوردستانێ و پارێزگەها دهوکێ کەین



خەبات- دهوک: فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا بەرێز دومینیک ماس کونسلێ وەلاتێ فرەنسا ل هەرێما کوردستانێ کر. دهەڤدیتنەکێدا بەحسێ پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ دگەل حکومەتا فرەنسا ژلایێ سیاسی وئابووری ولەشکری هاتە کرن. دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ ڕەوشا دەڤەرێ و سەروبەرێ ئاوارە و پەنابەرا و ئەو هاریککارییێن پارێزگەها دهوکێ وریکخراوێن نێف دەولەتی پێکێش دکەن هاتە کرن. پارێزگەرێ دهوکێ دیار کر کو هەبونا ڕێژەکا مەزن یا ئاوارە وپەنابەران ل پارێزگەهێ بارگرانیەکا مەزن ئێخستیە سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری مینا خزمەتکارییێن پەروەردێ وساخلەمییێ وپڕوژێن ئاڤێ وریک وئەلکتریکی و...هتد وخواست کو حکومەتا فرەنسا وڤڤاکێ نیڤ دەولەتی بەردەوامیێ بدەنە هاریکاریکرنا ئاوارە وپەنابەران ل سنوڕێ پارێزگەهێ و سوپاسیا وی وەلاتی کر بو وێ پشتەڤانیا بەردەوام یا بو هەرێما کوردستانێ دکەن. ژلایێ خوڤە کونسلێ فرەنسا دەست خوشی ل پارێزگەها دهوکێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر بو حەواندنا وێ ڕێژا زور یا ئاوارە و پەنابەران وتەکەزکر کو فرەنسا بەردەوام دێ هاریکاریا هەرێما کوردستانێ وئاوارە وپەنابەران کەت. بریارە کونسلێ وەلاتێ فرەنسا سەرا چەند کەمپێن ئاوارەیان بدەت وژنێزیک هایداری ڕەوشا وان ببیت.

داعش هەڕەشە لە جووتیارانی کورد و عەرەبی مەخموور دەکات

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە لە سنووری مەخموور گوتی: "داعش چوونەتە سەر گوندەکانی ئەو سنوورە و پێیان گوتوون ئەگەر سەرانە نەدەن، دانەوێڵەکانیان دەسووتێنن، بۆیە هانایان بۆ ئێمە هێناوە و تاوەکو پێشمەرگەش نەگەڕێتەوە، ژیانی ئەو خەڵکە لە مەترسیدا دەبێت".

لیوا زریان شێخ وەسانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "تیرۆریستانی داعش ڕۆژ بەڕۆژ ئەوە ناوچانەی لە سنووری مەخموور لە ژێر دەستیاندایە، فراوانتری دەکەن و پێشتر تەنها دەچوونە سەر گوندە کوردییەکان، کە 20 گوندی کوردی بوون، بەڵام ئێستا دەچنە سەر گوندی عەرەبنشینیش لە سنووری قەراج و باقرت و قەرەچووغ و چەند ناوچەیەکی دیکە و پێیان گوتوون کە پێویستە لە داهاتی گەنمی ئەمساڵ 15% بۆ ئەوان بێت و شوفێری دەراسەکانیش پێویستە 40%ی داهاتەکەیان بۆ داعش بێت، ئەگەر نا هەموو گەنم و جۆیەکەیان دەسووتێنن".

شێخ وەسانی گوتیشی: "ئەو خەڵکە هانای بۆ ئێمە هێناوە و داوای گەرانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن، چونکە بۆشاییەکی گەورەی ئەمنی دروست بووە و هێزی عێراقیش توانای پاراستنی خۆیان نییە چ جا پاراستنی خەڵکی مەخموور، بۆیە ڕۆژانە داعش کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و ئێستاش لە مەخموورەوە تا دەگاتە خانەقین، جموجۆڵیان زیادی کردووە".

هاتووچۆی هەرێم هەنگاوەکانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی بێ سەرەتا و ئەوروپی ڕاگەیاند

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی ڕوونکردنەوە و شیواز و ڕێنمایی لەسەر هەنگاوەکانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی سەرەتا و ئەوروپی بۆ تۆمارکردن بەم شێوەیە ڕاگەیاند :

ا- ئۆتۆمبێلی تایبەت لە مۆدیلی 1994 تا 2015 تۆمار دەکرێت. ب- ئۆتۆمبیلّی بار هەڵگر پیک ئاب تۆمار دەکرێت لە مۆدیلی 1994 تا 2015 بۆ خوار دوو ستەن 1994وەتا مۆدیلی 2008 بۆ 3 تەن و زیاتر. ج- پاس تا مۆدیلی 2015 بەمەرجێک لە 25 نەفەر و کەمتر بێت. د- ئامێرێ بیناسازی و کشتوکاڵی تۆمار ناکرێت. و- ئۆتۆمبێلی تاکسی تۆمار ناکرێت.

2- ئۆتۆمێلی ئەوروپی دەبێت پێش 2017/5/1 داخل بوو بێت و مەنەفێستی لەگەڵدا بێت وە نوسراوی بۆ دەکرێت بۆ پۆلیسی ئینتەرپول. 3- ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی هەرێم دەبێت پێش 2016/3/1 داخل بوو بێت بەمەرجێک فرۆشرا بێت لەلایەن کۆمپانیای هاوردەکراوەوە. 4- هەر ئۆتۆمبێلێکی تر بێجگە لە 3;2 تۆمار دەکرێت بەمەرجێک نابێت ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەهیچ پارێزگایەکی عێراق و کوردستاندا تۆمار کرابن لەو مۆدێلانە بێت دیاری کراوە.

5- نابێت ئۆتۆمبێلەکان داواکرابێت و هیچ نیشانەیەکی دەست بەسەراگرتنیان لەسەربێت.

6- ئۆتۆمبێل تەنها بەناوی ئەو هاوڵاتیانەوە تۆمار دەکرێت کەکارتی زانیاری هەرێمی کوردستانیان هەیە.

7- ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئارمیان هەیە بەهەمان مەرجەکانی سەرەوە تۆمار دەکرێت.

8- هەموو ئۆتومبێلەکان ڕەوانەی گومرگ دەکرێت بێجگە لە ژمارەکانی هەرێم. 9- بێجگە لە ڕسوماتی تۆمارکردن و سزای دواکەوتن و ڕسوماتی گومرگ وەک هەر توتومبێلیکی ئاسایی پارەی ژینگەو ڕێگاوبان و پێدانی سالانەو تابڵۆیان لێوەردەگیرێت.

داوا لە هاووڵاتیان دەکرێت خۆیان لەو کەلوپەلانە بەدوور بگرن

سلێمانی.. هۆشداری لە بارەی ژمارەیەک کالای مەترسیدار دەدرێت

خەبات: سلێمانی:
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و لیژنە هاوبەشەکانی قایقامیەتی سلێمانی، هاووڵاتیان لە بەکارهێنانی ژمارەیەک کالا و کەلوپەلی مەترسیدار ئاگادار دەکەنەوە. دوێنێ لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆک و ئەندامانی لیژنە هاوبەشەکانی قایقامیەتی سلێمانی لەسەر ژمارەیەک کالا و کەلوپەل لە بازاڕدا کە ئەوان بە مەترسیدار ناویان برد بەڕێوەچوو.

دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، محەمەد وەهاب گوتی: دوا بە دوای بەدواداچوونمان لەم مانگەدا و پێشتریش بۆمان دەرکەوت دەیان کالا و کەلوپەل هێندراوەتە بازاڕەکانەوە بەبێ گوێدان بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و کۆنترۆڵی جۆری، ئەو کالا و کەلوپەلانەش مەترسیدارن و پێویستە هاووڵاتیان لە کڕین و بەکارهێنانیان دوور بکەونەوە".



ئەو گوتی: "بەشێک لەو کالا و کەلوپەلانە تەقلیدن و دروستکراونەتەوە و هیچ مەرجێکی تەندروستییان تیادا نییە، لەوانەش جۆرێک پەنیر کە هەردوو جۆرە ئەسڵ و تەقلیدەکەی لە بازاڕدا هەیە و پێویستە هاووڵاتییان لە کاتی کڕیندا بە وریاییەوە سەیریان بکات".

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوای لە حکوومەت و لایەنە پەرلەمانییەکان کرد ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوەی ئەو جۆرە کالا و کەلوپەلانە و ساغکردنەوەیان بەسەر هاووڵاتییاندا، بەجۆرێک لە بازاڕ و مارکێتەکاندا بەرپرسەکان کرد ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوەی ئەو جۆرە کالا و کەلوپەلانە و ساغکردنەوەیان بەسەر هاووڵاتییاندا، بەجۆرێک لە بازاڕ و مارکێتەکاندا چەندین جۆر لەو خۆراک و کالا مەترسیدارانە بوونیان هەیە.

لە لای خۆیەوە سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، سۆران غەفور داوای لە هاووڵاتییان کرد وردتر و بە وریاییەوە لە کاتی کڕینی کالا و شتومەکدا مامەڵە بکەن و هەر شتومەکێک جێگەی گومان بوو لێی دوور بکەونەوە و لیژنەکانیان ئاگادار بکەنەوە.

قایمقامی هەولێر: هەر کەسێک بە قاچاغ دەرمان بفرۆشێت دەستگیر دەکرێت



قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر گوتی، هەڵمەتی داخستنی کۆگاکان و ئەو دەرمانخانانەی دەرمان بە قاچاغ هاوردە دەکەن بەردەوامە و هەر دوێنێش ژمارەیەکیان داخراون. دەشڵێ، هەر کەسێک بە قاچاغ دەرمان بفرۆشێت یان هاوردەی بکات، سزا دەدرێت و دەستگیر دەکرێت. نەبەز عەبدولحەمید، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، ماوەیەکی زۆرە هەڵمەتێکیان هەیە بۆ نەهێشتنی دەرمانی قاچاغ دەست پێکردووە و بەردەوامن، هەر دوێنێش دوو کۆگای دەرمان و نۆ نۆژینگە و دەرمانخانە لە سنووری شاری هەولێر داخراون بە هۆی فرۆشتنی دەرمانی نایاسایی و قاچاغەوە، کە وەک ناوبراو گوتی، ئەو هەڵمەتە بەردەوام دەبێت تاوەکو سەرپێچییەکان بە تەواوی بنبڕ دەکرێن. بە گوتەی عەبدولحەمید، ئەوانەی دەرمان بە قاچاغ بۆ نەهێشتنی دەرمانی دەست پێکردووە و بەردەوامن، هەر دوێنێش دوو کۆگای دەرمان و نۆ نۆژینگە و دەرمانخانە لە سنووری شاری هەولێر داخراون بە هۆی فرۆشتنی دەرمانی نایاسایی و قاچاغەوە، کە وەک ناوبراو گوتی، ئەو هەڵمەتە بەردەوام دەبێت تاوەکو سەرپێچییەکان بە تەواوی بنبڕ دەکرێن. بە گوتەی عەبدولحەمید، ئەوانەی دەرمان بە قاچاغ دەفرۆشن یان هاوردەی دەکەن، سزای توند دەدرێن و دەستگیریش دەکرێن، هەروەها شوێنەکەشیان دادەخرێت و دەرمانەکانیش لەناو دەبرێن. قایمقامی هەولێر باسی لەوەش کرد، لە دوای دەستپێکردنی هەڵمەتەکەوە، تاوەکو ئێستا بە دەیان شوێن داخراون و بە دەیان کەسیش دەستگیر کراون و سزای توند دراون.


ڕێڤەبەرێ کارەبا دهۆکێ: کێشەیا کارەبا دهۆکێ دهێتە چارەسەرکەرن



یێڤەبەرێ گشتیێ کارەبا پارێزگەها دهۆکێ ڕاگەهاند، ئەو ئاریشا ل زڤستانا ئەڤ ساڵە د کارەبا پارێزگەها دهۆکێ دا پەیدابووی ژلایێ حوکمەتا هەرێما کوردستانێ ڤە هاتە چارەسەرکرن و پرۆژەیێ نوو دێ دەستپێ کەت. ئەندازیار کەمال محەمەد سالح بۆ باسنیوز دیار کر، بریارا نێچیرڤان بارزانی ب تەرخانکرنا 15 ملیۆن دۆلاران بۆ چارەسەرکرنا کێشەیا کارەبا دهۆکێ و هندەک پارێزگەهێن دی یا چاڤەرێکری بوو و هەر زوو بریارا وی دێ هێتە بجهئینان و پرۆژەیێ نوو یێ کارەبا دهۆکێ کو دێ بیتە ئەگەرێ چارەسەرکرنا کێشەیا کارەبا دهۆکێ یا زڤستانا ئەڤ ساڵە دێ دەستپێ کەت و تەندەر دهێتە چێکرن و هەر زوو دێ کۆمپانیەک دەست ب ئەنجامدانا ڤی پرۆژەی کەت.

یێڤەبەرێ گشتیێ کارەبا پارێزگەها دهۆکێ ئاماژە ب هندێ ژی دا کو ب ڕێیا ڤی پرۆژەییێ نوو یێ کارەبێ دێ بیتە ئەگەر کا بەهرا دهۆکێ ژ تۆرا کارەبا گشتی چەندە دروست ب گەهیت و دێ هێلەکا کارەبێ بۆ دهۆکێ هێتە کێشان ب کۆژمێ 9 ملیۆن و 825 هزار دۆلاران و دێ 38کیلۆمەتران یا دڕێژ بیت و دێ شێت 400 میگاواتێن کارەبێ بۆ دهۆکێ کێشیت. ئاشکرا ژی کر کو ئەڤ ساڵە مەزنترین ئاریشا کارەبا دهۆکێ نەبوونا سۆتەمەنیێ و نەبوونا هێلەکا کارەبێ یا باش دناڤبەرا هەولێر و دهۆکێ دا بوویە و ب تنێ 50 میگاوات ژ وێستگەها بەرهەمئینانا کارەبا کواشێ و 125 میگاوات ژ وێستگەها بەرهەمئینانا کارەبا باعەدرێ بوون و ئەڤ پرۆژەیێ نوو دێ بیتە ئەگەر کو ئاریشا کارەبا دهۆکێ ب ئێکجاری چارەسەربیت. ئەندازیار محەمەد سالح ئەو یەک ژی نە ڤەشارت کو ئەڤ پرۆژەیێ نوو ڕەنگە 50 ساڵان خزمەتا خەلکێ دهۆکێ بکەت.

لێژنەی پارێزگای هەولێری بەبازاڕ کردنی بەرووبوومی جووتیاران بۆ ساڵی 2019 کۆبوونەوە



خەبات/سەید فەخرەدین: بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی لێژنە ، تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لێژنەی بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیارانی سنوری پارێزگای هەولێری کرد. لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی بەرنامەی ئەمسالّی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە سایلۆی هەولێر و بنکەی وەرگرتنی شەماماک کرا کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵ بەشی ئەمسالّی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە. لە کۆبوونەوەکەدا خشتەی وەرگرتنی بەروبوومی ئەمساڵ کە لە 2019/6/16 دەست پێ دەکات خرایە ڕووکە بۆ هەر قەزاو ناحیەیەک وادەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران. لێژنەکە ڕاسپاردەی گفتوگۆی زیاتری حکومەتی هەرێم و فیدراڵی کرد بۆ چارەسەری گرفتەکان و هەوڵی زیاترکردنی بەشی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران.

بۆ یەکەم جار.. دامەزراندنی ئۆرکستڕای زانکۆی سەلاحەدین تاوتوکرا



لەکاتی پێشوازی کردنی د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ ژمارەیەک لە هونەرمەندە موزیک ژەنەکانی کولێژی هونەرە جوانەکان، پرسی دامەزراندن و گەشەپێدانی ئۆرکستڕای زانکۆ تاوتوێ کرا.

سەرۆکی زانکۆ ئاماژەیی زانکۆی نیشاندا بۆ پشتگیریی کردنی ئەو پرۆژە هونەرییە، کە بۆ یەکەمجارە لە زانکۆیەکی کوردستاندا دادەمەزرێ بە ئامانجی پێشخستنی هونەری موزیک و هاندانی موزیکژەنە ئەکادیمییەکان و گەشەپێدانی هوشیاریی موزیک لە کوردستاندا. هەر لەو دیدارەدا ئامانج غازی مامۆستا لە کولێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆ ڕوونیکردەوە کە کۆمەڵە هونەرمەندێکی زۆر لە موزیکژەن و بەهرەمەندی بە توانا لە دەوری ئەو ئۆرکسترایەدا کۆدەبنەوە، کە خاوەنی توانست و مەعریفەیەکی بەرفراوانن لە بواری موزیک دا، لەو ماوەیەشدا چەندین چالاکی دیارو بەرچاویان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا نیشان داوە. ئومێد دەکەین پشتگیری کردنی زانکۆ فاکتەرێکی دیکەی بەرەو پێشەوەچوونی ئەو ئۆرکسترایە بێت کە لە ئایندەدا شوێنێکی دیاری لە گۆڕەپانی موزیکی ئەکادیمی دا دەبێت لە کوردستاندا.

شایەنی باسە حەیدەر عەبدولڕەحمان بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەی ئەو دیدارە بوو.

لە کۆمەڵگای دەروازەی حاجی ئۆمەران زیاتر لە دوو تەن چوکلات گەڕێندرایەوە بۆ ئێران

کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، بڕی زیاتر لە دوو تەن چوکلات گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران.

کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران لە ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بە باسنیوز گەیشتووە و تێیدا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە لە پێناو سەلامەتی گیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی تەندروستیان دوێنێ سێشەممە 2019/5/14 یەک بار لە چوکلاتی ئۆلدی بە بڕی دوو تەن و 20 کیلۆگرام بەهۆی دەرنەچوونی لە پشکنین گەڕێندرایەوە بۆ ئێران.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، چوکلاتەکە لەلایەن لێژنەی پشکنین هۆبەی وەرگرتنی نمونەی خۆراک پشکنینی بۆی کرا، بەڵام لە پشکنیندا دەرنەچوو، بۆیە لە لایەن لێژنەی هاوبەشی کۆمەڵگاوە بارەکە گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران.





هەنگوینی شاخ و نایاب دەنێرنە بازاڕەکان
باکووری کوردستان.. ئامادەکاری هەنگەوانان بۆ چوون بەرەو بەرزاییەکان

خەبات: باکووری کوردستان : هەنگەوانانی شارۆچکەی هیزان سەربە پارێزگای بەدلیس، ئامادەکاری دەکەن بۆ گواستنەوەی هەنگەکانیان بۆ بەرزاییەکان کە سێ هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزن هەنگەوانی دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی هەنگوینی سروشتی، ئامادەکاری دەکەن بۆ چوون بەرەو بەرزاییەکان. ئەو هەنگوینە سروشتییەی لە ئەنجامی ماندووبوونێکی زۆر لەو ناوچە بەرزانە بەرهەم دەهێنرێت لەڕووی تام، بۆن و جۆرێتییەوە جیاوازە و بەناوبانگە.

هەنگەوانانی دانیشتوی شارۆچکەی هیزان کە لە وەرزی پایزدا دوای هەڵگرتنەوەی بەرهەمەکانیان دەگوازنەوە بۆ ناوچە گەرمەکان، لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی گایدای شارۆچکەکە و ئامادەکاری دەکەن بۆ چوون بەرەو چیاکان.

ئەو هەنگوینەی کە لەسەر چیاکان بەرهەم دەهێنرێت دەوڵەمەندن بە جۆرەها ڕووک و گوڵ، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئابووریی شارۆچکەکە.



ساسان دەروێش

پەیامێک بۆ رۆژی جیهانی دایک

لە رۆژمێرەکاندا یەکێک لە رۆژە گرنگ و مێژووییەکانی جیهان، رۆژی دایکە کە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەگۆڕێت. لە زۆربەی ولاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و کەندا 12 ئایار دیاریکراوە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی ولاتە عەرەبییەکان لە 21 ئازارە. بەداخەوە لە هەرێمی کوردستانیش ئەو رۆژە گرنگە تێکەڵ کراوە بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و رۆژی دایک بە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە مەراسیم و ئاهەنگەکانی نەورۆز پشتگوێ دەخرێت. لە ئەورووپا لە پاڵ 8ی مارس بەجیاواز، رۆژی دایک خراوەتە رۆژمێری رۆژەکانی ساڵ و لە دووهەمین یەک شەممەی مانگی ئایاری هەموو ساڵێک ئەو رۆژە پیرۆز دەکرێ کە بە شێوازی جۆرا و جۆر گوزارشت لە خۆشەویستی و گەورەیی دایک دەکرێ و بەو بۆنەیەوە رێوڕەسمی تایبەت لە نێو خێزانەکاندا ساز دەکرێ کە منداڵەکان بەو کارە هەڵدەستن لە کرێنی دیاری و شیرینی و ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە و ماڵ رازاندنەوە بۆ دایک کە هەر یەکەو بە دەربڕینێک دەیەوێت دایکی خۆشحاڵ بکات کە رۆژێکی گرنگ و پیرۆزە بۆ هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ڕێزگرتن و بیرکردنەوە لە پەروەردەکردن و ماندووبوونی دایک لە دەست ئێش و ئازارەکان وخەم هەڵگرتن. لەم کات و ساتەدا ئەوانەی لە نازی دایک بێبەش بوون بەهەر هۆیەک، لەم رۆژەدا بۆشایی نەبوونی دایک لە هەموکەس زۆرتر هەست پێدەکەن لە تەنیایان، کە چ کاتێنێکی گەورە بووە بۆ بەختەوەری منداڵەکانی و لە ئامێزگرتنی گەرمی بۆیان چ ئاسوودەییەکی پێداون. ئەوانەشی لە ئیستادا هەیانە و هەست بەم گەورەییە ناکەن لە کۆتایی لە دەستدانی دایک بەو شێوەیە جگە لە شەرمەزرای و پەشیمانی بۆ هەمیشە ویژدان ئازار دراو دەبن کە دەکرێ بڵێین چ خۆشەیستی و چ هەستێک وەک هەستی دایک جوان و پڕمانایە و چ شتێک لە ئاستی خەمخۆری و دڵسۆزی و پەرێشانی دایک دایە و دایک بۆ کۆرپەکانی چی ناکات و هیچ کات رۆڵ و بەرپرسیاریەتی خۆی بۆ منداڵەکانی لە بیر ناکات و رەوڕەوەی ژیان بەڕێوەدبا. لە کۆمەڵگەی کوردیدا رۆڵی دایک زۆر بەرچاو و بەرزە، کە لە هەموو بەشەکانی ژیان لە نێو خێزان و کۆمەڵگا بەشدارە و زۆرترین سەختی و دژواری ژیان کەوتۆتە سەر شانی ئەو بەڵام کەمترین ماف ودەسەڵاتی هەیە، بۆیە بەدەرفەتی دەزانم لەم رۆژەدا کە زۆربەی ولاتانی جیهان بە گرنگییەوە تەماشای دەکەن پەیامێک وەک کەسێتی خۆم وەک رۆژنامەنووسێک و کوردی شەهید ئەم پەیامەم ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان بکەم کە ئەم رۆژە بەفەرمی بکرێتە رۆژی دایکانی کوردستان و ئەم ناسنامەیەی پێ ببڕن کە دایکانی کوردستان چەند ماندوونەناسن و بەشێکی گرنگی کۆپرەوەرییەکانی نێو شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوون و باجی گەورەیان لە شەهیدبوون و مااڵوێرانی بەرکەوتووە، جگە لەوەیکە جگەر سوتا و دایکی شەهیدانن. هەروەک ئاماژەم پێکرد رۆژی دایکانی جیهان لە زۆربەی ولاتانی جیهان پیرۆز رادەگیرێت ، پێدەچێت بەروازی یادکردنەوەکەش لێرە و لەوێ جوداییت، لە نیشتیمانی ئێمەی هەرێمی باشووری کوردستان تەنها بەشێوەیەکی زیاتر وپەرپێدراو رۆژی ئافرەتانە لە 8ی مارس یادەدەکەنەوە بە مەراسیمی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەوشدا ڕۆژی دایک هەیە بەڵام ئاوێتەکراوە بە جەژنی نەورۆز و بزرکردنی و هیچ گرنگی پێنادرێ، بۆیە دەکرێ ئەم رۆژە بکرێتە رۆژی تایبەتمەندی دایکانی کوردستان. لێرەدا دەمەوێ تیشک بخەمە سەر رۆژی دایکان، بەڵام دایکانی کوردستان لە هەموو دایکانی جیهان جودایە، چونکە کاتێ رۆڵەکانیان دەگەنە تەمەنی لاوی و دەگەنە ئاستی هۆشیاری و لە مەزنی دایکیان تێبگەن، زۆربەیان خۆیان کردۆتە قوربانی (نیشتیمانی دایک) خۆشەویستی دایکایەتیان بەجێهێشت بۆ کوردستان، بۆیە دەکرێ رۆژی دایکان لە ولاتی ئێمە زیاتر بناسرێت و زیاتر بایەخی پێبدرێت. زۆرمان هەیە لەو دایکانەی رۆڵەکانیان ئامێزی دایکیان جێهێشت لە پەروەردەکردنی ئەم مامۆستا و قوتابخانە گەورەیی دایک بۆ نیشتمان ناسنامەی دایکی شەهیدانیان بەخۆیان بڕی. بە هاوکاریکردنی ئێوەی ناوبراو لە ئاراستەکردنی پەیامەکەم دەتوانین ئەم رۆژە زیاتر پڕشنگدارتر بکەین لە سوپاسگوزاری دەربڕین بۆ ئەو کار و ئەرکانەی کە دایکانی شەهید ودایکانی نموونەی دەیکەن. ئەگەر لە مێژووی ئەم رۆژەش بروانی لە ئەمەریکاوە سەرچاوەی گرتوە کاتێک دایکانی شەهیدان لەیەک شوێن کۆبوونەتەوە بۆ پرسەی رۆڵەکانیان ئەم بۆنەیە هەنگاوی بڕی تا گەیشتە ئەم شێوازی یادکردنەوەیە کە بۆ بەرزڕاگرتنی قوربانییەکانی دایک بۆ منداڵ لەنێو خێزانەکان ئاهەنگ سازدەکرێت بۆ دایک ودیاری پیشکەش دەکرێ. من بۆخۆم پەروەردەی ئامۆژنم حاجی ناهی مەلا فەرەج کە بەدایکم لە ویژدانما ناسیومە لە دوای شەهیدبوونی باوکم لەگەڵ دایکی باوکم خۆبەخشانە بەشێک لە جوانی خۆی و ژیانی ئاوێتەیی ژیانی من کرد وریچکەی باوکمی نیشاندام کە ئیستا شانازیی بکەم تەنها بۆ ئەوە کە بە لاوێتی ئەو ئەرکە قورسەی خستە سەرشانی خۆی و بێ دابڕان گەیاندمیە ئەمڕۆ. ئەمە نموونەی هەزاران دایکی نموونەی کوردستانە وێڕای دایکی شەهیدان کە بۆ خۆیان چیرۆکێکی دڕێژی پڕ لە تراژیدیان بۆ پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان، کە ئەمڕۆ خزمەت بەکوردستان دەکەن لە دوای شەهیدابوونی باوکیان ئەمەیە سەروەرییەکانی دایکانی وڵاتی من بۆیە دەکرێ لێرەوە ئەم ناساندنە بە فەرمی بکرێ و ببێتە کلتور لە ناوماندا بۆ ڕێزگرتن لە دایکانی کوردستان.

کۆمەڵناسی گوتاری پیاوسالاری
ڕەچەڵەکناسی کوشتنی ژنان بە پاساوی ناموسی



شاهۆ حوسێنی

پێشەکی:
گومان لەوەدا نیە کە ئەندێشە و گوتارەکان لە بۆشایی و غیابی نیاز بەدی نایەن، واتە دەشێ بگوترێت کە ئەوە نیاز و خواستێکە کە وەک بنەما و بەستێن گوتار و ئەندێشەی لەسەر بنیاد دەندرێت و لەسەر بنەما و ئاساسی نەندێشە و گوتاریش کردوە وەک دەرکەوتە و فۆرماسیونی عەینی و ڕواڵەتی دەردەکەوێت. ئەگەر قەبوڵ بکەین کە دەرکەوتنی ژن کوشتنی ناموووسی وەک دەرکەوتە، فۆرماسیونێکی ڕواڵەتی و کردەوەیەکی ڕاستەوخۆ و خۆکوشتن و خۆڵەناو بردنی ژن وەک دەکەوتەیەکی ناراستەوخۆ، لە بۆشایی ئەندێشە و گوتاردا بەدی نایەت و سەهەڵنادات، ئەوە بەو قەناعەتە دەگەین کە لەژێر کارتێکەری ئەندێشە و گوتارێکدا فۆرم دەگرێت و دەردەکەوێت.

بەواتایەکی ڕوونتر ئەندێشە و گوتاریک ناوەرۆکی مەعریفی، زەینی، شەرعییەت دەری کردەکانی مرۆڤ کە کار دەکاتە سەر زەینەکان و باڵ دەکێشێتە سەر چاخیکی میتۆوویی و لەنێوان ڕابردوو و داهاتوو سنوورێک دەکێشێت، بەجۆرێ کە دەبێتە تایبەتمەندێکی تایبەتی هزریە وەک بزوێنەر، پاساودەر و شەرعییەت دەری کردەکانی مرۆڤ کە کار دەکاتە سەر زەینەکان و باڵ دەکێشێتە سەر چاخیکی میتۆوویی و لەنێوان ڕابردوو و داهاتوو سنوورێک دەکێشێت، بەجۆرێ کە دەبێتە تایبەتمەندێکی تایبەتی هزریە وەک بزوێنەر، پاساودەر و شەرعییەت دەری کردەکانی مرۆڤ کە کار دەکاتە سەر زەینەکان و باڵ دەکێشێتە سەر چاخیکی میتۆوویی و لەنێوان ڕابردوو و داهاتوو سنوورێک دەکێشێت، بەجۆرێ کە دەبێتە تایبەتمەندێکی تایبەتی



پیاوسالاری شی بکرێتەوە و تیشک بخرێتە سەر ئانتۆلۆژی ئەو، پێویستە گوتار شی بکرێتەوە ڕوون بکرێتەوە کە مەبەست لە گوتار چیە؟ مەبەست لە گوتار لەو نووسراوەیەدا کۆگشتییەک یان فۆرماسیونێکی ڕوانگەیی و دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر کەمینەیەکی ئاغا و سەروەر و دەست ڕێشتوو و زۆرینەیەکی ملکەچ و ڕەعییەت و هەژار.

٢- گوتاری مورادـ موریدی، بەمانای ئەو پاساوە شەرعی و ئایینیە کە جێگە و مەرتەبەی بااڵ و سەروو دەبەخشێتە کەسێک و باقی کەسەکان وەک موراد و ملکەچ گوێ ڕایەڵی کەسی بااڵدەست دەکات

٣- گوتاری پیاوـ ژن، بە مانای دابەش کردنی بوونەکان لەسەر ئەساس و لەچوارچێوەی شوونا سیکی جیاواز و هیرارشیکدا.

تایبەتمەندی هەموو ئەو گوتارانە دانانی پێوەندی و جۆری تەعامولی هیرارشیک، بەردەوامی دەسەڵاتی کەمینەیەک بە سەر زۆرینەیەکدا و چەوساندنەوەی زۆرینە لەلایەن کەمینە بە مەبەستی بەرژەوەندی و لەخزمەت بەرژەوەندی خۆیدا لە دەڵاقەی پاساودەرێکی مەعریفی و زەینیرا.

لەئاکامدا دەشی بگوترێ کە هەموی ئەوانە بە مەبەستی داهێنان و بەردەوام کردنی جۆرێک لە پێوەندێکانی دەسەڵاتی ناسیاسی و کۆمەڵایەتیە.

کۆمەڵناسی گوتاری پیاوسالاری:
ژیانی کۆچەری، ئاژەڵداری و زەرووەتی تووند و تۆڵ بوونی پێوەندی خوێنی و بنەماڵەیی لەنێوان تاکەکان بە هۆی دژواری و سەختی ژیان و دابین کردنی بژێو بەهۆی کەمی ئیمکانات لە ژینۆپۆلەتیکی شاخاوی و سارد و سڕی کوردستاندا، پێویستی بە هێز و وزەی بوون و مرۆڤیکی بەهێز و خاون هێزی جەستەیی هەبوو، لەوەها دۆخێکدا ژن بەهۆی تایبەتمەندییەکانی تایبەتی خۆی بەداخەوە لەژێر هێژمۆنی پیاوسالاری و حەول بۆ ژیان وەک خاڵی لاواز و تایبەت مەندی لاوازی ژن کرایە پیناسەی بوون و تاکێک کە لەسەر ئەساسی ئەو مرۆڤێکی ستڕۆکتوراڵی دەروەست بە هێز و وزەی پیاو بەرهەم هات، بوونیکی کە بوو بە حەڵقەی جۆرێک لە پێوەندی دەسەڵات کە وەک جۆری هیرارشێک باسی لێوەدەکرێت و بەو شێوەیە ژن بوو بە تاک و بوونی پەراوێز و خزمەتکار لە خزمەت پێداویستی و خواستەکانی پیاو.

دوایی ئەو گوتارە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینەکان بە هۆی پیاوانە بوونی ئایینەکان و هەڵقوڵان لەناخی پیاوسالاری، کە بوونە کەرەسەی شەرعییەت دەر و پاساوکەری زەینی و هزری پیاوسالاری پەرەی زیاتری ئەستاند، واتە ئەمجارە پیاوسالاری پاساوێکی بان زەوینیشی بۆ پەیدا بوو. واتە ئەو گوتارە لە خزمەت دەسەڵاتی پیاو وەک کەڵان سوبژە و دالی ناوەندی، ژن وەک ئۆبژە و بوونیکی ستڕۆکتورال و دەسەڵاتی هیرارشیک بەهێزتر کرا، گوتارێک کە لەودا پیاو سوبژەیەکی سەربەخۆ و هێژمۆن بوو وە ژن بوونیکی ئۆبژە و دەروەستی پیاو کە شووناس، کەسایەتی، فۆرمی مانایی و ئەرکەکانی لەلایەن ئەو سوبژە هێژمۆنەوە دارێژڕابوو، دیارە ملکەچ بوون و گوێرایەڵ بوونی ژنیش بە مانای بەردەوام بوونی ئەو فۆرم لە پەیوەندی دەسەڵاتەیە کە لە خزمەت بەرژەوەندی و هێژمۆنی پیاودایە و هەرجۆرە سنوور بەزاندنێک لەگەڵ ئەو فۆرماسیونە شووناسی، مانایی و بوونە، بە مانای هەڕەشە بۆ سەر هێژمۆنی پیاوسالاری، دەسەڵاتی پیاو و تێکدانی نەزمی مەوجود ، لەدەڵاقەی گوتاری پیاوسالارێوە پێویستە پیاو بە دژ کردەوەی تووند و بەشێوەیەکی تووند بەرپەرچی بداتەوە و لە بەرامبەریدا ڕابوەستێت.

ژن وەک بوونیکی ستڕۆکتورال، ئۆبژەیەکی بەرهەم هاتوو لەلایەن سوبژەیەک بەناوی پیاو، چوارچیوە و فۆرمی جواروجۆری بۆ دیاری کراوە وەک سنوور، یەکێک لەو فۆرمە مانایانە "دایکە"، لەدەڵاقەی ئەو فۆرمە مانایییەرا ژن کەرەسەیەکی زا و زێ و بەخێوکردی منااڵە، یەکێکی تر لەو فۆرمە مانایانە "ناموسە" لە دەڵاقەی ئەو فۆرمە مانییەرا کە لەژێر کارتێکەری فۆرمی مانایی "خاوەندارێتی" بەرهەم هاتووە ژن تەنیا و تەنیا مووڵکی جەبری پیاوێکە کە لە هەڵبژاردن و جۆری پێوەندی لەگەڵ ئەودا هیچ مافێکی نیە و ئەوە پیاو و گەورەی پیاوی ماڵ، تایفە و عەشیرەتە کە هەموو شتێک بۆ ژن دیاری دەکات، دەرکەوتەکانی وەک ژن بە ژنە، پێشکەشکردن، ژن دۆڕاندن لەسەر قومار، بەرخوێندان لە کێشە کۆمەڵایەتێکاندا، بەژن دان بۆ بەرهەم هێنانی هێزی پشتیوان و لایەنگر و گەورە کردنەوە جەغزی هێژمۆنی پیاوی بنەماڵە، تایفە و عەشیرە. هەمووی ئامازەیەکی ڕوونن بۆ هێز و هێژمۆنی پیاوسالاری وەک گوتارێکی نەریتی کە لەودا ژن کەرەسەیەک و بوونیکی ستڕۆکتوراڵە لە خزمەت بەردەوامی هێز، دەسەڵات و هێژمۆنی پیاو و خواستی لەبن نەهاتووی حەز و ئارەزۆکانی سێکسی پیاو.

ئاکام:
بێگومان تایبەتمەندی جەستەیی و ڕوحی ژن پێویستە وەک تایبەتمەندی ببیندرێت نەک وەک خاڵی لاواز و بکرێتە ئامانج و کەرەسەیەک بۆ بەردەوامی و پەرەی دەسەڵات و هێژمۆنی پیاو، ژن پێویستە وەک بوونێکی سەربەخۆی خۆپێناسەکەر مەجالی دەرکەوتن و خۆپێگەیاندنی هەبێت، لەوەها دۆخێکدا ئەرکی حکوومەت وەک تاکە فۆرماسیونی مەشروعی هێزی سیاسی کە بەڕێو بەری کۆمەڵگایە ئەوەیە کە لەیەکەم هەنگاودا بااڵ بکێشێ بەسەر ژنی تاراندراو لە کۆمەڵگا و بنەماڵە و ژیان، دووهەم کۆمەڵگا و پیاو لەناو جەغزی ئەندێشەیەکی پێشکەوتوو و مۆدێرندا کە مافی بەرمابەر بە ژن دەبەخشیت و ڕێز لە بوون و کەرامەتی ژن وەک سوبژە دەگرێت، کۆمەڵگر بکات. سێیەم کاربکات بۆ هەموار کردنی یاسایی دەرکەوتنی ژن وەک بوونێکی سەربەخۆ و سوبژەیەکی خۆپیناسە کەر.

دانیێیانان بە هەڵە زەمانێک بۆ بەختەوەری خێزان

و/ ژیلا کەریی
ژیانی هاوبەش ئەزموونی فرەڕەهەندییە لە تاڵی و شیرینی کە هەموو ژیان دەگرێتەوە و پرۆسەیەکی دڕێژخایەنە و هاوکاری هەر دوو لایەنی پێویستە. کاتێک زانیتان هەڵەتان کردووە، کاری دروست و بەرپرسیارانە ئەوەیە کە هەڵەکەتان قبوڵ بکەن.

لە ڕاستیدا لە بارودۆخێکی لەوشێوەیەدا قبوڵی دواهاتەکانی کارەکەتان دەتوانێت ڕێچارەیەک بۆ دەرچوون لە هەڵەکان بێت.جۆری هەڵەکەتان بناسن و خۆتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەیار بکەن.

لۆمەی خۆتان مەکەن: کاتێک هەڵەتان کرد خۆتان لۆمە مەکەن. ڕەنگە تاک یان چەند کەسێک بووبنە هۆکاری ئەنجامدانی ئەو هەڵەیە لە لایەن ئێوەوە، بەڵام هەموو کەموکورتییەکان لە ئێوە دەزانن. لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە ئێوە هەڵەکەتان بە مل خۆتاندا هێناوە، بەڵام لەو کاتانەدا مافی ئەوەتان نییە کەسییەتر لە هەڵە کەسییەکانتان هاوبەش بزانن.

لەبیرمەکەن قبوڵکردنی هەڵە ئەو مانایە نییە کە هیچ کاردانەوەیەکتان بەرامبەر نەکرێت. قبوڵ و دانپێیانان بە هەڵە بڕیارە دەڤێت کە لە هەموو کەسدا بوونی نییە. ئەگەری ئەوە هەیە قبوڵی هەڵە بێتە هۆکار تا بە خۆتاندا بچنەوە. ئێوە دەتوانن لە چونکە زۆر کەسە بڕیاری لە ئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسایەتییەیان نییە.

هەستی کەسی بەرامبەر لەبەرچاوبگرن: بە هەڵگرتنی بەرپرسایەتی و لەبەرچاوگرتنی کەسی بەرامبەرتان هەڵەکانتان قبوڵ بکەن بێئەوەی بێ هۆ کەسێک تاوانبار بکەن یان بۆ کەمکردنەوەی هەڵەی خۆتان شەریکی هەڵە بدۆزنەوە. بە نەرمی دان بە هەڵەکەتان بنێن و بە کەسی بەرامبەر بڵێن تا ئەو جێیەیی بۆتان دەکرێت هەڵەکەتان ڕاست دەکەنەوە.

دواهاتەکان لەئەستۆبگرن: هەر هەڵەیەک دواهاتی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەگەر پانتایی هەڵەکە کەسانی زۆر بگرێتەوە. ئەنجامی هەڵە بۆ هەر کەسێک ڕووەدات. ڕاشکاو و ڕاستگۆ بن و هەوڵبدەن بە هاوفیکری ڕێچارەی گونجاو بدۆزنەوە. هەندێ هەڵە ڕەنگە زۆر جیدی بێت و کاریگەری قوڵ لە ژیانتاندا جێبهێڵێت، بەڵام کە تازە ڕووبدا ئیتر دەبێت بیر لە چارەی گونجاو بکرێتەوە ڕاکردن لە هەڵە بە هیچ شێوەیەک بیرۆکەیەکی گونجاو نییە.

ڕاستگۆ بن: ڕەنگە دەرفەتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکەی ئێوە کەم بێت بەڵام ڕاشکاو بن و ئیزن مەدەن ڕووداتی هەڵەیەک ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرەها کێشە. ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ یان سەرسپییەکانی خێزان بیرۆکەیەکی گونجاو. هەوڵبدەن لە کەسانی ژیر و تێگەیشتووی بنەماڵەوە زۆر نزیک بن چونکە باشترین پشتیوانەی ژیانەی هێمن و ئاسوودەن بۆ ئێوە و خێزانتان.

پەلە مەکەن: زۆر بینراوە ئەو کەسانەی هەڵە دەکەن بە هۆی دڵەڕاوکێ و شڵەژان تووشی هەڵەی گەورەتر بوون، بۆیە پێویستە هێمن بن و لە کاتی هەڵچوون بڕیار نەدەن.

لە ئەزموونی کەسانی شارەزا پەند وەربگرن: هەمووکات لە خێزانەکاندا کەسانی شارەزا و بە ئەزموون هەیە کە بەوپەڕی زیرییەوە کێشەکان چارە دەکەن. نزیکبوون لەو کەسانە و پەندوەرگرتن لە ئەزموونیان باشترین یارمەتیدەری ژیانێکی بەختەوەرە. لە پشت ڕێنمایی ئەو کەسانە سااڵنێک لە ئەزموون هەیە کە پێویست ناکات ئێوە دووبارە بە هەمان ڕێگەی دژواردا تێپەڕن.



گۆزەرێک بەنێو خەباتی بێوچانی بارزانیی نەمردا

شێخ تاهیر شووشی:
بارزانی سیمبولی قوتابخانەی کورایەتییە

3

زانیار سەردار قرگەیی

بارزانیی نەمر لە سەرەتاوە ناوی بەجوامێری و گیانبەخش و فیداکار لەپێناوی کوردستاندا دەرکرد بوو، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تووشی زیندان و دەربەدەری بووە و زۆر جاریش بەشداری شەڕ و پێکدادان و بەرەنگارییەکان لەگەڵ دوژمنانی دەبووەوە، ناوی بە میرخاس دەرکردبوو کە بە درێژایی تێکۆشانی خۆی سەلماندی کە پێشمەرگە و رابەر و کوردپەروەرێکی بەهێزە، دواتریش پێشەوایەتی و سەرکردایەتی چەندین شۆڕش و راپەڕینی کوردستانی کردووە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی. بۆساتێکیش سازشی لەسەر بستەخاکێکی کوردستان نەکردووە و سڵی لە هیچ جۆرە دوژمنکارییەک نەکردۆتەوە و بەردەوام سوور بووە لەسەر داوا رەواکانی نەتەوەکەی تا کۆچی دوایی کورایەتییەکی پاک و بێگەرد و راستەقینەی کرد. کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرین (شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی) بەمجۆرە شرۆڤەی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر دەکات.

مستەفا بارزانی و بوونی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

درێژە پێدانی شۆڕشەکانی بارزان و زیادبوونی بەرخودان و تێکۆشانی لە مەهاباد و ناوچەکانی تری کوردستان و سەردانی بارزانی بۆ بەغدا لە 1943بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی مەلەکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا و چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەدار و نیشتمانپەروەرانی کورد بەتایبەتی لە شارەکانی بەغدا و سلێمانی و کەرکووک و مووسڵ و شوێنەکانی تر لەمەڕ ئامادەسازی بۆ سازدانی یەکەمین کۆنفرانسی پارتی و راگەیاندنی ئەم پارتە، بارزانیی نەمر نامەی رازی بوون و راسپاردە و ئامۆژگاری رەزامەندی ئاراستەی ئەنجامەکانی ئەم کۆنفرانسە بۆ دەستەی سەرپەرشتیکاران نارد.

ڕۆژی16ی ئابی 1946بووە ڕۆژێکی میژوویی بۆ لەدایک بوونی پارتی دیموکراتی ئاشتیخواز و نیشتمانپەروەر، پارتێک کە خاوەنی هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی و جەماوەرێکی بەرفراوان و هەزاران پێشمەرگە و کادر و ئەندام و هەوادار و کەسانی ڕۆشنبیر و ژنا و دادوەر و کۆمەڵناس، پارتێک خودان سەروەری میژوو، بوو بە ئەندازیاری خەبات و تێکۆشان و پێشمەرگە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. پارتی دیموکراتی کوردستان لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە، لە یەکەم کۆنفرانسی دا مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی حزب هەڵبژارد و لە16ی ئابی 1946تا ڕۆژی مالئاوایی و کۆچی دوایی لە 1/ 3/1979هەر بە سەرۆک و رابەری پارتی دیموکراتی کوردستان و کوردایەتی مایەوە. هیواو ئامانجەکانی بارزانی ئەوەبوو بتوانێ هەموو چین و توێژەکان لەخۆی بگرێت لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، ئەمەش لە گەورەترین ئامانجەکانی بووبن. هەڵبەتە لە ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرکردایەی ئەو پارتە چەندین بەرنامە و دروشمی هەڵبژارد بۆ تێکۆشان و بەرهەڵستی کردنی داگیرکەران و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.. وێڕای ئەوەی لە ڕێی خەباتی کورایەتی دا تووشی نەهامەتی و شکستی نەخوازیار دەهات و توانای هیچ کەس و هێزێک دا نییە پارتی و بارزانی لەیەک جیا بکاتەوە. دوێنێ ڕابەری خەباتی کوردایەتی مستەفا بارزانیی نەمر و ئیدریسی هەمیشە زیندوو بوون.. ئەمڕۆ هێژای کۆڵنەدەر سەرۆک (مەسعوود بارزانی) کە خۆی هەڵگری مەشخەڵی کوردایەتی و ئاڵای پیرۆزی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دانەری دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ و لە ئایندەشدا چەند کەسانێ لە قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بەهێز و توانای کوردایەتی سەرکێشی ئەم ڕێبازە دەکەن و مەشخەڵی پارتی و بارزانی هەمیشە گەشاوە و سەرکەوتوو دەبێت.


شێخ تاهیر عەبدولغەفور شووشی

بارزانی لە دیدو بۆچوونی حکوومەت و دوژمنانی کوردەوە

بە درێژایی دروست بوونی قوتابخانەی کوردایەتی، داگیرکەران هەمیشە بە ڕێگای فرت و فێڵ و چەواشەکاری و دوژمندارای مامەڵەیان لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسانی کورد کردووە و هەوڵیان داوە لە ڕێگای سەربازییەوە چارەسەری کێشەکان بکەن نەک بە زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ.. لە سەردەمی حکوومەتی سەفەوی و عوسمانی و حکوومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا هەمان سیاسەتی پێشوویان پیادە دەکرد. لە سەرەتای سەدەی بیست و هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بارزان بەسەرپەرشتی شێخ عەبدولسەلامی دووەم و پاشان شێخ ئەحمەد بارزانی، حکوومەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران بە ئەرێنی و نەرێنی مامەلە و وتوێژیان لەگەڵ ئەو بەرێزانە کردووە و ئەوانیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی کورد زانیوە و زۆربەی جاریش بەسەختی ڕووبەڕووی بوونەتەوە و داخوازییەکانیان ڕەتکردۆتەوە.

لە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی 1939و دەرکەوتنی ڕۆڵی مستەفا بارزانی وەک ڕابەری میللەتی کورد حکوومەتە کۆڵۆنیالیزم و داگیرکەران بەتایبەت حکوومەتەکانی عێراقی و بەریتانیا ئەو پێناسەیان بە بنەماڵەی شێخەکانی بارزان داو هەوڵی زۆریان خستە گەڕ کە شێخەکانی بارزان بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و کێشەی کورد بە ویستی خۆیان چارەسەر بکەن، لە ساڵی 1943مستەفا بارزانی شاری سلێمانی بەجێهێشت و بۆ ناوچەی بارزان گەڕایەوە و دواتر سەردانی سەرۆک هۆز و ناوداراني کوردی کرد لەپێناو ڕێکخستنی ریزەکانیان و پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەکی لێک تێگەیشتنی سەردەمیانە بۆ حکوومەتی بەغدا سەبارەت بە ئاریشە و کێشەکان و پاشان جەنابی بارزانی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ بەغدا بانگهێشت کرا بەمەبەستی گفتوگۆکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دۆزی کورد و دوای سەرنەگرتنی ئەو دیدارانە دەبینین هێزە چەکدارەکانی عێراق بە پاڵپشتی چەتە و بە یارمەتی هێزە ئاسمانیەکانی حکوومەتی بەریتانی هێرشی دڕندانە دەکەنە سەر بارزان و ناوچەکانی و هەموو ئەو ناوچانە بە بۆمب و تانک و زرپۆش کاول دەکەن. پاش وێرانکردن و تێکدانی زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان لەلایەن لەشکری عێراق لە ساڵی 1945بە هەزارەها خێزانی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربەدەر و ئاوارەبوون و لە ناوچەکانی مەهاباد و شنۆ و نەغەدە جێگیر بوون و لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەشدار بوون و بەدەیان قوربانیان پێشکەش کرد بۆ پاراستنی ئەم کۆمارە و بەرگریان کرد لە دۆی هێزەکانی ئەرتەشی شاهەنشای ئێرانی لە ساڵی 1947،لە کاتێکدا حکوومەتی ئێرانی داوای لە مستەفا بارزانی کرد بچێتە تاران بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چارەنووسی بارزانییەکان و کێشەکانی میللەتی کورد، چونکە حکوومەتی ئێران بارزانی بە نوێنەری میللەتی کورد دەناسی.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٨٢٥٧ بەروارى ٢٠١٧/٨/١٢ بەبرى ٥٠٠٠٠٠ بەناوى لاڤان حكيم خورشيد وون بووە هەركەسێك دۆزييەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنى دەڕچوونى.

***

وون بوون

پسوولەی كارگەی غازی هەولێر ژمارەی پسوولە ١٤٦٤٤١٩ بەروار ٢٠١٣/٢/٢٠ بەبرى ١٠٠٠٠٠٠ بەناوى هێرش جبار حمدامين وون بووە هەركەسێك دۆزييەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنى دەڕچوونى.

***

وون بوون

وەصلێكى دەڕچووى سەرۆكايەتى شارەوانى گردەگۆزينە بەژمارە (٨١٨٢٤٨) بەناوى (سەلام سليمان حەميد) وون بووە ، هەركەس دەيدۆزێتەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنى دەڕچوونى

***

وون بوون

ناسنامەى كۆلێژى كارگێرى و ئابوورى بەشى دارايى و بانك بەناوى شرين كامران احمد وون بووە ، هەركەس دەيدۆزێتەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنى دەڕچوونى

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوى شركە سنگر فارس نورى جۆرى ئۆتۆمبێل: فۆرد فيوشن ٤ بستۆن ئۆتۆماتيك ئۆتۆمبێل صالون ڕەنگ عنابى مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەى ئۆتۆمبێل ١٧٨٢٧ كاتى هەولێر ژمارەى شاسى: 3FA6P0T99HR106609 وون بووە ، هەركەس دەيدۆزێتەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنى دەڕچوونى

***

محكمة الاحوال الشخصية فى بيرمكرون

الرقم الدعوى: ٤٢/ش/٢٠١٩

تاريخ: ٢٠١٩/٤/٢٤

اعلان

المدعية/ (هدى هادى عبدالله) وكيلها المحامى (احمد حميد محمود)

المدعى عليه/ (ابراهيم فخرى عبدالسلام) مجهول محل الاقامة.

اقامت زوجتك المدعيه (هدى هادى عبدالله) الدعوى المرقمة اعلاه والتى تطلب فيها التفريق للهجر بينكما و لكونك مجهول الاقامة فى الوقت الحاضر تقرر تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين اقتضى حضورك امام هذه المحكمة بتاريخ ٢٠١٩/٥/٢٩ بنفسك او من ينوب عنك قانونا وبعكسه تتخذ الاجراءات بحقك غيبيا وفق الاصول.

القاضى/ شنو محمود على

***

دادگای كەتنی هەولێر/١

ژمارە/٥٩/كفالە١/٢٠١٨

ڕێكەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ سۆران صباح بلال

ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٥٩/كفالە١/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٢/٢٠ لەسەرت بە پێژاردن بەبری (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار، بەپێی ماددەی (١١٩) لەیاسای (اصول) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گوندی/ ناملەوانی خواروو) بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (١٢٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/١) ك (٤١) قرياغ، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی (سزاکان) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گوندی/ نامزاوە) بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کاروان صباح عبدالله) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنستا دانەراوە لە (پ.قەتەوی) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس/ شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- دووداندە ئامێری کەسارەی وردکردنی بەرد بێ ژمارەن دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٢٥.

٢- ئامێری تەباشەی شکاندنی بەرد بێ ژمارە دروستکراوی ایطالی مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧٥.

٣- بێژینگی جیاکردنەوەی بەردە وردکراوەکان بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥.

٤- بێژینگی جیاکردنەوەی بەردە وردکراوەکان بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.

٥- طاحونەی دروستکردنی غوبرە بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧٥.

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە

ژمارە:١٧٦/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو نورا نبیل خلیل

داواکار (الن جورج بیا) داوای بەرایی ژمارە ١٧٦/ب/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری شەقلاوە گەرەکی (مەسیحی) بۆیە پێت ڕادەگەینین کە بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە کە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٢٩) ئامادەبی یان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ناشکرا.

داوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٢٩ /ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ١٣ / ٥ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : بارین سربست فریق

ل دیف داخوازیا داواکار(کاروان موسی تیلو) وکێشا ژمارە (٣٢٩ /ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا خو دکت ژتە بەرامبەری ڤێ دادگەهێ و ژبەر نەدیار بونا جهێ ناکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (کاریز) ژمارە (١٥٦٩ ل (٧ / ٥ / ٢٠١٩) و نڤیسارا بەربژارێ تاخن (چرا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ریکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا نامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ١٧ /٦ /٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە نامادەبکی و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خزمەتی

ژمارە : ٩٦٣

ریکەوت : ٧/ ٥/ ٢٠١٩

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (امنە حمید سعید) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٢٧٦٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات.

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

دادگای باری کەسی عەنکاوە

ژمارە: ٣٣٥/ش/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٥/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (منال فرحان باجو) شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە

داواکار (دلخاز محمد خلیل خلو) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە، بە ژمارە (٣٣٥/ش/٢٠١٨ عینکاوە تێیدا داوای (تصدیق الطلاق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نایدارە بەپێی اشعاری موختاری (ئەنجومەنی دارەشەکران) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی نامادەبوونت لەرۆژی دادبینی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٨ کاتژمێر ١٠ی بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ظاهر محمد مصطفی

***

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە: ١٨٢/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢

جاردان

بۆ داوالێکراو (کاروان مجید محمد)

ئامازە بەداوای ژمارە (١٨٢/ش/٢٠١٩ کە تایبەتە بە داواکار (هیام صالح زینل) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٢ بڕیاریدا بە (تصدیق طلاق خارجی) لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (هیام صالح زینل) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی ئاگاداری موختاری خەبات گەرەکی هەنجیرۆك بڕیاردرا بە پێڕاگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی. بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوەو نارەزایێت هەیە لەماوەی (١٠) ڕۆژ لە پێڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

دادوەر/مسعود سعید صدیق

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:١٥/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٩

جاردان بۆ جاری دووەم

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٥٨٨١٢/هەولێر – تایبەت) جۆری (تویوتا پرادوو) مۆدیل (٢٠١٠) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (توانا لازم شیخو) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٢) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با نامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٢٢,٠٠٠,٠٠٠) بیست و دوو ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٢٨٥/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (صالح هافنت صالح) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (یا سمین صادق سلیمان) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا ژیك جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا قەزا سێمێلێ کمبا پەنابەرێن سوری لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییەن ڕوژا نەییێ نافخویێ کو نامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا ڕوژا ٢٠١٩/٦/١١ ول بەروڤاژی ڤێ چەندی دابینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ١٢/٣٠٠/١/١

ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/١٣

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فرۆتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤێ بابەتی هاتینە دان لێژنا فرۆتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو فرۆتنا (١٨) هەژدە پارچێن ئەردی ل سەر ئین ژمارە (٧٨/٦، ٧٩/٦، ٨٠/٦، ٨١/٦، ٨٤/٦، ٨٥/٦، ٨٦/٦، ٨٧/٦، ٨٨/٦، ٨٩/٦، ٩٠/٦، ٩١/٦، ٩٢/٦، ٩٣/٦، ٩٤/٦، ٩٥/٦، ٩٦/٦، ٩٧/٦) کەرتی ٦٤ کەلەکچی و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنیدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل داینیکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەکچی بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەکچی دەم ژمیر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

ڕێڤەبەرێ گشتی

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە دهوك

ئاگەهدارکرنا فروتنی مولك

ژمارە پارچە زەوی/ ٢٦/٢٥

ژمارەی کەرت و ناو/ ٨١ دهوك الشمالیه

ڕەگەز/ ئاڤاهی

جور/ ملك صرف

ڕووبەر/ ٤ اولك ٩٠م٢

پێکهاتوو/ قاتی ئەردی سێ ژووڕین نڤستنی و هول و دیوان و پێکهاتین گشتی قاتی ئێکێ دوو ژووڕین نڤستنی سوید و هول دارو بار بهایی هاتنا سالانە/ بری بارمەتە/ فروتن/ هەمی مولك و ئەرد و ئاڤاهی/

ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرا ل دهوکێ دێ ڕابیت ب فروتنا بشێوێ سەر زێدەکرنا ئاشکرا بو وان جورێت لسەری دیارکری مولکییەتا وی خودانێ وی (صباح حجی صالح) ژبەر بارمتە وەرگر (شرکە شیرزاد میرو) کو بری قەرز (٢٧٠٠٠٠٠٠) بیست و حەفت ملیون دینار عراقی هەرکەسەکێ حەز بکەت پشکداریی تێدا بکەت بلاو سەردانا ڤێ ڕێڤەبەریێ بکەت بو ماوێ ٣٠ ڕوژ هەر ژ ڕوژا پشتی هاتنا خاری ل ڕوژنامێ و دگەل خو بینیت بارمەتییت یاسایی (نقدیە او کفالە) یا بانکێ کو کێم تر نەبیت ژ ١٠٪ ژبهایێ فروتنا (٢٤٠٠٠٠٠٠٠) دوو سەدو چل ملیون دینار عراقی و دێ ل سەر زێدەکرن هێتە کرن ل دەمژمێر (١٢) نیڤرو ژ ڕوژا دوماهیی یا ئاگەهداریێ.

ماف پەروەر/ انس محمد طاهر عمر

بەرێوەبەری تومارکردنی خانووبەرە دهوك

***

دادگای بەرایی دهشتی هەولێر

ژمارەی داوا:٢٨٣/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٣

جاڕدان

بۆ داوالێکراو (مهند حسین خمیس) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار المدیر المفوض لشرکة کلاریمونت اربیل للاستثمار عقاریة/ المحدودة اضافة لوظیفتة داوای ژمارە ٢٨٣/ب/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردووە دادگاش لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٣ بەشێوەی پاشملە بڕیاری حوکمی دەکرد بە پابەندکردنت بەدانی بری ٥,٢٩٦,٨٠٠ پێنج ملیون و دووسەدو نەوەدو شەش هەزار و هەشت سەد دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری ئەتلانتیك بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت ڕابگەیەندرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت ئاگادارت بکاتەوە وە ئێوەش مافی نارەزایی و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕوژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٣٠٥/٢٠١٦

ڕێکەوت/٢٠١٩/٥/١٣

جاڕدان

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٧١ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار امین احمد سیدمحمد سعید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد سعدی احمد سید محمد بەپرێ/ ١٠,١٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ نارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی نامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٣٧١ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لە بالەخانەیەکی ٤ نهۆمی و ژێرزەمین نهۆمی ١ مصرف (اربیل) تێدایە و نهۆمی ٣-٤ ناوەوەی هیکل تەنها پەنجەرەی جام و ڕووپۆش کراوە بە مەرمەر.

٥ – ڕووبەرەکەی/١٥١٤,٥٥م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٩١٠,٠٠٠,٠٠٠ نۆسەدو دە ملیۆن دینار.

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Compensation & Benefits Consultant
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Responsibilities:

- Based on material provided by Mercer survey, plan and execute rollout of salary bands structure
- Analyze data/benchmarks provided by Mercer and provide plan on how to achieve internal equity
- Design and approve with Head of HR the compensation and benefits policy, procedures and programs in accordance with best market practices and with the internal needs of the Organization.
- Formulate, document and establish guidelines and processes to support and maintain the new structure and policy
- Train HR and managers in the use of the new policy/structure
- Support setup of salary band structure in HRIS (Workday)

Required Qualifications and Experience
- Bachelor's degree required Master's degree in Human Resources or related field preferred
- Ideal 5-7 years human resources experience within C&B
- Project management

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای باری کەسێتی چەمچەماڵ
ژمارە: ٥١٥/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢
ئاگاداری
داواکار/ رزگار عثمان اسماعیل
داوالێکراو/ ادیتا ماریا جیتا که ئیستا ناو ناونیشانت نادیارە
داواکار (رزگار عثمان اسماعیل) داوایەکی بە ژمارە ٥١٥/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت و لەم دادگایە بریاری خۆی دەرکرد لەبەروارى ٢٠١٩/٥/١٢ بە (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا تاگادارت بکاتەوە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە ئەگەر لە ماوەیی هەڵنەسیت بەتانەلێدانی یان پێداچوونەوەی بریارەکە ئەوا بریارەکە کە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەحەقت بەپێی یاسا.
دادوەر/ سروەر علی جعفر
***
ئاگاداری
ژمارە: ٢٠١٩/٦٠٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٩
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن/ فاتح احمد غفور (بەرێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و بەرهەمهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/ سنوردار کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە. ئاگادارت ئەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن/ توانا دارا حسین ناوەرۆکی سندی عادی ژمارە ٥٢٨ کە لە ٢٠١٦/٢/٢٦ دەرچووە لەبەرێوەبەرایەتی جێبەجێکراو و لە ٢٠١٩/٤/٨ دا لەلایەن داواکارەوە و بری قەرزی ئەستۆت بەڕەسمی جێبەجێکردنەوە ٣٠٦,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەدو شەش ملیۆن دینار. پاش ئەوەی بۆ بەرێوەبەرایەتیەکەمان رووبۆتەوە لە رێگای شرحی پێراگەیەنکاری دادی و موختاری گەرەکی رزگاری تازە لە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ماوەی ١٥ رۆژدا لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ کە دەست پێدەکات لە رۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بە پێچەوانەوە بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن اجراتاتی زۆرت بەرامبەر ئەکرێ.
جێبەجێکاری دادا/ المنفذ العدل
گوڵە فریق حمه فرج
***
ئاگاداری
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی لەرێگەی زیادکردنی ئاشکراوە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی بەشی داوالێکراو (ساجد احمد غفور) لە مولکی ژمارە ٠/١٩ م٢ بەرەکەپ کە زانیاری تەواو لەسەر مولکەکە لەبەشی خوارەوەی ئاگاداریەکە نووسراوە ئەویش بەرامبەر بەقەرزی خاوەن قەرز (صلاح سلیمان عبدالله) کە تایبەتە بە قەرز بەبڕی (٢٤٩,٣٩٠,٠٠٠) دوو سەدو چل و نۆ ملیۆن و سێ سەدو نەوەد هەزار دینار بەڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەرێوەبەرایەتیەوە.
جا هەرکەسێک ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە با سەردانی ئەم بەرێوەبەرایەتیە بکات لەماوەی ٣٠ رۆژدا کە دەست پێدەکات لە رۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامەدا هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری هەیە با سەردانی ئەم بەرێوەبەرایەتیە لەرۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە تا کاتژمێر ٩ سەرلەبەیانی رۆژی زیادکردنەکە بۆ دانانی تەئمینات بەبری ١٠٪ نرخی خەملێنراوی بەشی قەرزار لە مولکی ئاماژەبۆکراوی سەرەوەدا زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢:٠٠ی نیوەرۆ ئەنجام دەدرێ بۆ ئەو مەبەستەش رەگەزنامە و پێناسی باری کەسی لەگەڵ خۆیدا ئامادە بکات و رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە ئەگەر رۆژی زیادکردنەکە کەوتە پشووی رەسمیەوە رۆژی دواتر زیادکردنەکە ئەنجام دەدرێ.
زانیاری لەسەر مولکەکە
خاوەن قەرز: صلاح سلیمان عبدالله
قەرزار: ساجد احمد غفور
جۆری راگیراو: مملوکه للدوله
ژمارەی مولکەکە: ٠/١٩ م٢ بردەکەپ
سنوری ناوەدانیەکە: وەک لە نەخشەکەدا هاتووە
شوێنی خانووبەرە: بەردەکەپ
جۆری: زراعی
شێوازی: باش
پێکهاتەکانی: زەویەکی زراعیە لەسەر جادەیە
ڕووپێوەکەی: ١٧٤ دۆنم و ١٥ تۆلك
نیشتەجێکانی: کەسی تیا نییە
نرخی خەملێنراوی ١ دۆنم (١٦,٢٠٠,٠٠٠) شانزە ملیۆن و دووسەد هەزار دینارە
داوالێکراو لە کۆی ٢٣٠٤ سهم ٧٠ سەهم تۆمارە بەناویەوە
بەشی داوالێکراو لە مولکەکەدا خەملێنراوە بە بری ٨٥,٩٣٥,٩٣٧,٥ هەشتاو پێنج ملیۆن و نۆسەدو سیو پێنج هەزار و نۆسەدو سی و حەوت دینار و پێنج فلسی ئیراقی.
جێبەجێکاری دادر/ المنفذ العدل
گوڵە فریق حمه فرج
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٣٤/٣٥/٣٥/ ١٢١٠
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/١٢
ئاگاداری
ئاگەهداریا هەڤوەلاتیێن بەرێز دکەین سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو کرێدانا (٨) هەشت دوکانێن ئاڤاکری تەنشت گەراجی ڤەگوهاستنا کەڤن لسەر پارچەك ل ئەردێ ژمارە (٤/١) کەرتێ ١٣٦ بساتین قابکی و صارمیە بو ماوێ (٣) سێ سالا لدیف یاسا فروتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەومـا هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ وەك بارمەتە ژ بهایێ خەملاندنێ بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ روژا ل روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٢ دووانزەدی نیڤرو ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤێت دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجییێن پێتڤی کەڤنە ستوێ وی.
بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٠١٨/ك١/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فؤاد صالح بکر

ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠١٨/ك١/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٢/٢٨ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی ١/یەك ساڵ بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٧١/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سنگر حسین احمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٤٨/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جواهیر شریف اسعد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٩) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٤٤/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ کاروان یاسین حمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٣٧٧) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٢٥/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ پشتیوان عبدالرحمن عبدالله
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٤٦) لە یاسایی (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٧٦/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رفیق رحمان عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسایی (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٤٤٥/ك٣/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمود سفین حیدر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٩) لە یاسایی (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە: ٢٢٤/پاسپۆرت/٢٠١٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامة قصی سلمان)
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداواى ٢٢٤/پاسپۆرت/٢٠١٦ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامة قصی سلمان) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بەپشت بەستن بەمادەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگا بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٨ بەمەبەستی دادگای کردنت بەپێی مادەی ١٥/دووەم لە یاسای (پاسپۆرت) بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٢٢٤/پاسپۆرت/٢٠١٦
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامة قصی سلمان)
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداواى ٢٢٤/پاسپۆرت/٢٠١٦ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامة قصی سلمان) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بەپشت بەستن بەمادەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگا بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٨ بەمەبەستی دادگای کردنت بەپێی مادەی ١٥/دووەم لە یاسای (پاسپۆرت) بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٤٨٥/ك٣/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سیف الدین سعد یوسف
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسایی (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٤٨٣/ك٣/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هەریم رمضان محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٤٦) لە یاسایی (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٧٦/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رفیق رحمان عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسایی (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٤٨/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جواهیر شریف اسعد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٩) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٢٢٤/پاسپۆرت/٢٠١٦
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامة قصی سلمان)
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداواى ٢٢٤/پاسپۆرت/٢٠١٦ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامة قصی سلمان) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بەپشت بەستن بەمادەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگا بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٤/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (چرا) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و گواستنەوە/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ عبدالله رفعت عبدالرحمن
ناونیشان/ هەولێر- کویستان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٣٦٣٩٠

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە:٧٠٧٧/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٥/١٤
ئاگاداری
ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٦١ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە (١/١٤١٥٤ ك ١ گرد جوتیار).. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٧٥٢١
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (چرا) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و گواستنەوە/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەرۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (چرا) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و گواستنەوە/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عبدالله رفعت عبدالرحمن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٤/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٥٣٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٣
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیا
دوای تەواو کردنی رێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (ریبسول للشرق الاوسط/ المساهمة) (اسپانیا) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لەسیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.
من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە: داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
مافپەروەر/ دڵزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەداواداچوون
ژمارەك ٣٥٤٨
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیای(سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای(سەروەر) بۆ بازرگانی گشتی و خۆراك/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لەتۆمارەکانمان. بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارەك ٣٥٦٧
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیای(سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای(دەشتی مخمور) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لەتۆمارەکانمان. بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

ئەبراهام لینکۆڵن پەیامی ئاشتی دەسەپێنێت، یان ناوچەکە گڕ دەدات؟

سەددام حوسێن دەیویست هەڕەشەی لێدانی ئیسرائیل بکاتە چەکی وەستاندنی ئەمەریکا و سۆزی نەتەوەیی بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئێرانیش گەروو هورمزی کردۆتە ئامانج و دەیەوێت هەستی ئایینی مەزهەبی بەکاربهێنێت.



غازی حەسەن

بەشی سێیەم و کۆتایی

ئەمەریکا کەشتی جەنگی ئەبراهام لینکۆڵنی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکاش دەڵێت "ناردنی ئەو کەشتییە بۆ کەندا و پەیامێکی ڕوونە بۆ هەڕەشەکانی ئێران و نامانەوێت لەگەڵ ئێران تووشی شەڕبێن، بەڵام وەڵامی تووند بۆ هەر چەشنە هێرشێکی ئێران دەدەینەوە". ئێران هەڕەشەی ئەوەی کردووە ئەگەر هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە ڕابگیرێت، گەروو هورمز دادەخات، کە ڕۆژانە زیاتر لە 17ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا دەگوازرێتەوە.

هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

ڕوسیا لەپێشوازی بەڕپرسانی ئێرانی دژی بڕیارەکەی ترەمپ و سزا ئابووریەکان هەڵوێستی دەربڕی، ئەمەش پیشاندانی پاڵپشتی ئێرانە. سەرۆکی ئێرانیش هەڕەشەی پترکردنی پیتاندن و کەمکردنەوەی ئیلتیزام بەڕێککەوتنی نەهێشتی چەکی ئەتۆمی دەکات. لەبەرانبەر ئەوەشدا سەرۆکایەتی فەرەنسا هوشداری بە ئێران دا، کە هەر هەنگاوێکی نەڕێنی ڕووبەرووی سزای ئابووریان دەکاتەوە.

تورکیا بێ ئەوەی قسەیەکی جدی هەبێت، بەدوای سەرچاوە و بازاری بەدیلی ئێرانە، بۆیە جارێکی دیکە ڕوویان لە بەغدا و هەولێر کردۆتەوە، هەروەها لەناوەخۆشیدا بۆ ئەوەی کێشەی گوشاری پەکەکە کەم بکاتەوە، دوور نییە پەیامەکەی عەبدولڵا ئۆجەلان بۆ چارەسەری ئاشتی پێشوازی لێ بکات، بێ ئەوەی هیچ شتێکی فەرمی لەبارەیەوە ببیژێت. تورکیاش قەیرانە نێوەخۆییەکانی فراوانتر دەبێت، دوور نییە ئەمەریکا ئەگەر ئەردۆگانی پێ نەهاتە ڕایێ، پێش ئێران چارەسەرێکی خێرای دەسەڵاتداری لە تورکیا بکات.

چین و هیند دوو وڵاتی پشت ئەستورن بەنەوتی ئێران، بۆیە نیگەران دەبن، هەرچەندە سعودیە و ئیمارات بڕیاریان داوە، ئەم کێشەیە بەزیادکردنی بەرهەمهێنانی ڕێژەی نەوت لەئاستی جیهاندا چارەسەر بکەن.

ئەمەریکا دەیەوێت ئێران بەو ئاراستەیەدا هەنگاو بنێت، کە مەترسی لەسەر ئاسایش و ئابووری جیهان زیادبکات، لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانێت هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ سنووردارکردن و نەهێشتنی مەترسیەکانی ئێران فراوانتر بکەن.

وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە کەنداو، پەیوەندییەکی ئابووری زۆریان لەگەڵ ئێران هەیە، لەوانە ئیمارات ساڵی 2017بایی 11ملیار دۆلار و عێراق حەوت ملیار ساڵی 2018بازرگانیان لەگەڵ ئێران کردووە، کوێت و قەتەر پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەیە. ئایا ئەمەریکا چۆن چارەسەری کێشەی ئابووری ئەو وڵاتانە دەکات؟. لەمبارەوە دیبلۆماتکارێکی پێشووی ئێران لەلێدوانێکی بۆ دی دەبلیوی ئەڵمانی دەڵێت عێراق لەهەموو ئەو وڵاتانە پتر زیانی پێ دەکەوێت، چونکە پێویستی بەوزە و غاز و کەلوپەل و ئالوگۆڕی دارایی لەگەڵ ئێران هەیە. غەسان عەتیەش پێی وایە ئیمارات گەورەترین زیان لێکەوتووی ئەم ململانێیە دەبێت، چونکە نزیکەی 800هەزار ئێرانی لەم وڵاتە لەبواری بەرهەمهێنان کار دەکەن و بەملیارەها دۆلاریش بەدەست دەهێنن.ئێران لەو ناکۆکیەدا پێی وایە دەتوانێت زیان بە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بگەیەنێت، بۆیە مەسەلەی شەڕکارێکی قورس دەبێت.

سەدام حوسێن دەیویست هەڕەشەی لێدانی ئیسرائیل بکاتە چەکی وەستاندنی ئەمەریکا و سۆزی نەتەوەیی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئێرانیش گەروو هورمزی کردۆتە ئامانج و دەیەوێت هەستی ئایینی مەزهەبی بەکاربهێنێت. دۆزەکە لەدۆخی ساڵی 1990 کەنداو دەچێت. کار و کاردانەوەکان هەمان شێوە و شێوازیان هەیە، هەرچەندە دەڵێن ئێرانییەکان وریا و زیرەکن، لەکۆتاییدا ڕێک دەکەون.

ناوچەکە لە گڕگرتنێکی خێرا دایە

ناوچەکە دەمێکە بەهۆی ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. شەڕی داعش گەڵێک شتی نوێی لەگەڵ خۆی هێناوە، کەوتنی ژمارەیەک حکوومەت و سیستەمی سیاسی لەڕۆژهەڵات لەئەنجامی بەهاری عەرەبی و خۆپیشاندانی جەماوەری، دەرفەتێکی تازەی بۆ پێناسەکردنەوەی دەسەڵات و حوکمڕانی هێناوەتە پێشەوە. ئێران یەکێکە لەئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا. لەبەر کۆمەڵێک هۆکار خەریک بوو ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگە و بالادەستی خۆی لەدەست بدات، بەڵام بەناردنی ئەبراهام دەیەوێت بالادەستی و هەژموونی خۆی پتەو بکاتەوە. هەڵبژاردن، قوڵبوونەوەی ناکۆکیە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان، قەیرانی ئابووری هۆکارن بۆ ئەوەی جاریکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو گڕگرتنێکی دیکە بچێت. نەخشەی ناوچە و هەندێک لەڕێککەوتنەی نێودەوڵەتییەکان پێویستیان بەگۆڕان و هەندێکیش دەبێت کۆتاییان پێ بێت.

ئەبراهام لینکۆڵن و هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە خیانەتی 16ئۆکتۆبەردا خرایە دۆخێکی وەهاوە، هەق نییە ئەمەریکا داوای لێبکات مامەڵە لەگەڵ ئێران نەکات، چونکە بەرپرسانی ئەمەریکا ڕێگایان بە ئێران و گروپە میلیشیایە چەکدارەکانی دا، کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لەدەستی پێشمەرگە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەربهێنن و داگیری بکەنەوە و درێژە بەسیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە لەپێناو زاڵبوونی مەزهەبێک و دژی کورد بدەن، نەوتەکەشی بەرەو ئێران بدزن.لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان دووچاری هەڵوێستێکی ئاڵۆز دێت، دەبێت چاوەڕوانی هەڵوێستی حکوومەتی بەغدا بەسەرکردایەتی شیعە بکات، هەروەها ئێمە دەزانین ئێران لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی قسەی بەڵادەستە، ئەم میحوەر بەندەیە دەمێکە لە هەرێمی کوردستاندا باوە. یەکێتی لەگەڵ میحوەری ئێران و سوریا و شیعە ڕۆیشتووە و پارتیش لەگەڵ ئەمەریکا و تورکیا و سوننە و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە وەکو ئوردن و سعودیە و ئیمارات و هەندێکیش میسر ڕۆیشتوە، لەگەڵ جیاوازی و هاوسەنگی لە پەیوەندی پارتی و یەکێتی لە هەردوو میحوەر. پارتی وەکو کیانی هەرێم سیاسەت دەکات و یەکێتیش وەکو حزبێکی دەسەڵاتداری خۆ بەهەق زان هەڵسوکەوتی کردووە.وەکو چۆن بڕیار بەدەستی عێراق نییە، هەرێمی کوردستانیش ئاسان نییە بێ گرفت و ناکۆکی بێت، بەڵام بڕیاری خێراو یەکلاکەرەوە هیچ کاتێک باش نەبووە. گرینانەی ئەوە دەکرێت لە کۆتاییدا هەولێر لەگەڵ بڕیاری دروستی ئەمەریکا و ئەورووپا بێت، دەست ناخاتە کاروباری هیچ وڵاتێکی دراوسێش.


ئەنجام

گەلێک لە سەرچاوە و زانیاریەکان باسی گڕگرتنی و پەرەسەندنی قەیرانەکان و داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دەکەن. سەرەتای هەموو جەنگێک لەقسە و کێشە چاوەڕوان نەکراوەکان و قەیرانی دارایی و ئابووری و گەڕان بەدوای بازاری نوێ دەست پێ دەکات، لەکۆتایشدا دابەشکردن و گۆڕانکاری جوگرافی و سیاسی لەگەڵ خۆی دەهێنێت و هاوسەنگی هێز و پێداچوونەوە بەبەرژەوەندییەکان دوور لەئەخلاق و پێوەرە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکان بەدی دەهێنرێت.دابەشکردن و پێکهێنانەوەی کیان و دەوڵەتۆکەی نوێ لەئارادایە.. لە یەمەن و لیبیا و سوریا و عێراق و هەتا قسە لەسەر ئێران و سعودیە و تورکیاش دەکرێت. ڕێگا تازەکانی گواستنە و پردی نوێ لەنێوان بەشێک لەو وڵاتانە دروست دەبێت، دوور نییە سیستەمی فیدرالی و کۆنفیدرالی و چەند دەوڵەتێک لەنێو جوگرافیای دیاریکراودا بەرهەم بهێنرێت. ئەبراهام لینکۆن یا ئەوەتە ئاشتی دەسەپێنێت و کۆتایی بەدەستێوردان و فرەخوازی ئێران و تێکشکاندنی خەونی هیلالی شیعی دەهێنێت، یان سیستەمی نوێی دەوڵەت و هزر و ئیدارەدانی وڵاتەکە لەڕێگەی شەڕێکی مۆدێرنی تەکنەلۆژی دەسەپێنێت، پێچەوانەی ئەوەی ئێران دەیەوێت بەسوپای کلاسیکی و میلیشیا و گروپەکانی ئەنجامی بدات. لەهەمان گاڤێشدا وەکو چۆن سیستەمی نەتەوەیی و چەپڕەوانە و دیموکراسی و سۆسیالیزمی نەتەوەیی نەیتوانی بنەماکانی دیموکراسی و هاوولاتی بوون بەدی بهێنن، سیستەمی دەوڵەتی ئایینی و مەزهەبیش لەناوچەکە بەرەو فەشلێکی هەقیقی دەڕوات، دەبێت سیستەمێکی تازەی پەرلەمانی و دەنگدان و فرەحزبی و پێکەوەژیانی ئازادانەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بێتە دی، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی مافی هاوولاتی بوون. وابزانم سعویە بەرنامەی لەپێشە تاکو ساڵی 2030بەشێک لەو تێگەیشتنە نوێیە بە سەرکردایەتی موحەمەدی پاشازادە ئەنجام بدات، ئێرانیش لەو پێشبڕکێیە وەکو پیاوە پیرەکە وایە.




لەگەڵ جیاوازی و هاوسەنگی لە پەیوەندی پارتی و یەکێتی لە هەردوو میحوەر. پارتی وەکو کیانی هەرێم سیاسەت دەکات و یەکێتیش وەکو حزبێکی دەسەڵاتداری خۆ بەهەق زان هەڵسوکەوتی کردووە

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1571:
دوای داگیرکردنی لەلایەن تەتەرەوە ، شاری مۆسکۆ بە تەواوی سوتێنرا .



ساڵی 1972:
دوورگەکانی ئۆکیناوا گێڕدرانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ژاپۆن .



ساڵی 1988:
دوای 9ساڵ ، سۆڤیەت بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان دا .



ساڵی 2012:
فرانسوا ئۆلاند وەک سەرۆکی تازەی فەرەنسا دەست بەکار بوو .



ساڵی 2015:
لە بورۆندی شکست بە کودەتایەکی سەربازی هێنرا .



ساڵی 2018:
دڕێژترین پرد لە نێوان دووگەی کرێمیا و ڕووسیا کرایەوە .



پرۆفایل

میخائیل گۆرباچۆف

پیاوی پێرێسترۆیکا

ئا: رەمزی میرەکانی

میخائیل گۆرباچۆڤ، لە دایک بووی 2ئاداری سالّی 1931، دوایین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت بوو. لە سالّی 1985دەستی بە فەرمانڕەوایی ولات کرد تاکو سالّی 1991، واتە تا هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە، میخائیل یەکێک بوو لەو تێکۆشەرانەی، کە هەوڵی بۆ لەناوبردنی شەڕی سارد کردبوو ،بەهۆی کارەکانییەوە، میخائیل لەسالّی 1990خەلاتی نۆبلی لە ئاشتی دا پێ بەخشرا.

چاکسازی سیاسی و ئابووری

مەبەستی سەرەکی گۆرباچۆڤ، بریتی بوو لە چاکسازی ئابووری و سیاسی لە ولاتی سۆڤیەتدا. سیستمی سۆڤیەتیی ئەو دەم لە دوو هەڕەمی لاتەریبی مەزن پێک هاتبوو: حزب و دەوڵەت. بە نۆڕینی باو دەبا پارتی کۆمیونیست دەست پێشخەری بکات، بەڵام دەوڵەتی دەستوور دانان، جێبەجێکەر و دادپرسیی هەبێت. گۆرباچۆڤ دەیویست پەیوەندیی نێوان حزب و دەوڵەت بگۆڕێت. حزب بە پێی نۆڕینی باو دەبا پێشەنگ بێت و دەستی لە گشت بوارەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت. ئەم رەوتە بەلای گۆرباچۆڤەوە نیشانەی دارمان بوو. لە راستیدا چاکسازی ئابووری گۆرباچۆڤ، هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ شێن نەبوو. لە ماوەی حوکومڕانیی گۆرباچۆڤدا، بەردەوام ئابووریی سۆڤیەت خراپتر دەبوو. بەرهەمهێنان کەم دەبووەوە، کەمی شتومەکی نێو بازاڕ خراپتر دەبوو، بازاڕی ڕەشیش گەرمتر دەبوو. لە نێو گەلدا پلەی خۆشویستنی گۆرباچۆڤ تەواو دابەزی. بەڵام لە دەرەوەی سۆڤیەتدا، پتر خۆشەویست دەبوو، چونکە سەرکەوتووانە گرژیی سیاسیی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ڕەواندەوە و ڕێگەی دا، ولاتانی ڕۆژئاوای سۆڤیەت ڕێگەی خۆیان بگرنە بەر و لە پەیوندی یەکێتیی سۆڤیەت رزگار بن. لەو چاکسازیانەی گۆرباچۆڤ، بەتەمایان بوو تەنیا بەشێکی کەمیان جێبەجێ کران. سەرلەبەری ئەو سیستمەی ئەو نیازی بوو، تازەگەری تێدا بکات، وەها وشک و رزیوو بوو بەرگەی گۆڕانکاری بنەڕەتی نەدەگرت. لە زۆر لاوە بە تونڈی بەربەرەکانێی بیروڕایەکانی ئەم دەکرا، خۆیشی لە ماوەی کۆتایی ماوەی حوکومڕانیی خۆیدا، هەتا دەهات پتر ڕاڕا و دووڵ دەبوو.

پێرێسترۆیکا، کرانەوە و دیموکراتاندن

گۆرباچۆڤ، بیری سیاسی خۆی لە کتێبی (پێرێسترۆیکا Perestrojka)دا، لە سالّی 1987داڕشت، ئەم کتێبە کاتی خۆی جێی مشتومڕێکی بەرفراوان بوو. پێرێسترۆیکا بووە هۆکارێکی کارا لە پرۆسەی هەرە گەورەی گۆڕانکاریی میژووی نوێدا. یەکەم لایەنی بیری سیاسی گۆرباچۆڤ، بریتییە لە (کرانەوە-گلاسنۆست Glas-nost) .یەکێتیی سۆڤیەت، بە دەیان سالّ لە ژێر دیکتاتۆرییەتی بێدەنگیدا دەژیا. تەنیا دەنگی فەرمی و پەسندکراو دەبیسترا. گۆرباچۆڤ بەرامبەر ئەو دۆخە، لە روانگەیەکی ڕۆشنگەرییەوە دەیگوت: ئەگەر وشە ئازاد بکرێت، ڕاستیش گوێ بیست دەبێت و خەڵکی بە زانینی ڕاستی، چاکە و خراپە لەیەک جودا دەکەنەوە. جگە لە کرانەوە و پێرێسترۆیکا، گۆرباچۆڤ، جەختی لەسەر پرۆسەی (دیموکراتاندن De-mokratizatsiya) دەکرد و دەیگوت: پێرێسترۆیکا شۆڕشێکە لە سەرەوە، واتە گۆڕانکارییەکە دەستەی دەسەلاتداران خستوویانەتە گەڕ. بیرۆکەی (دیموکراتیی ڕاستەوخۆ) کە ریشەی لە نەریتێکی ڕادیکالانەدا هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕوسۆ و شۆڕشی فەرەنسا، تێکەڵ بە (ناوەندی دیموکراتیانە) ی لێنین کراوە. مەبەستیش ئەوە نەبوو پشت بکەنە چەمکی ناوەندی دیموکراتیانە، بە پێچەوانەوە، دەبا ببووژێنرێتەوە و پەرەی پێ بدرێت. گۆرباچۆڤ دەیگوت زووتر ئەم چەمکە شێوێنرابوو، کرابوو بە ناوەندی بیرۆکراتیانە.

یەلتسین و کۆتایی سۆڤیەت

باڵی کۆنی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، کودەتایەکی بێسەروبەری سەرنەگرتووی، لە ئابی سالّی 1991دا، دژ بە گۆرباچۆڤ بەرپاکرد و بەوەش پەلەیان لە کەوتنی خۆی و ڕمانی هەموو یەکێتیی سۆڤیەت کرد. ئەو کودەتایە، بۆریس یەلتسینی کۆنە دوژمنی گۆرباچۆڤی کردە قارەمان. یەلتسین پاش سەری سالّی 1991بە کردەوە گۆرباچۆڤی لابرد و یەکێتیی سۆڤیەتیشی هەڵوەشاندەوە. لە لایەن ڕۆژئاوای یەکێتیی سۆڤیەتەوە، گۆرباچۆڤ، بە قارەمان دادەنرا، چونکە بێ ئەوەی دەست بەرز بکاتەوە، ڕێگەی بە دەوڵەتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا دا، ڕێگە خۆیان بگرنە بەر. هەر چەندە ئایسلەندا، و لیتوانیا، لە سەردەمی ستالیندا بە تالانی شەڕ داگیرکران، بەڵام گۆرباچۆڤ، بەرەنگاری بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەو دەوڵەتانەی بەڵتیک بوویەوە. کە لەوانەیە ئەمەیان گەورەترین هەڵەی گۆرباچۆڤ بووبێت.

بووژانەوەی ناسیۆنالیزم

ئەم پرۆسەی نوێکارییە هێزێکی دیکەی بووژاندەوە، گۆرباچۆڤ لێی بێئاگا بوو، ئەویش ناسیۆنالیزمە. ئەو مۆزاییکە مەزنەی کۆمار و گەلانی هەمەجۆری یەکێتیی سۆڤیەت، نزیکەی حەفتا سالّ بە تونڈی خرابوونە ژێر سیستمێکەوە، ڕووی لە یەکڕەنگی و یەکێتیی بوو. ئەو ئازادیی ڕا دەربڕین و کردەوە پەرەسێنەی ڕۆژگاری گۆرباچۆڤ، لە زۆر لاوە بە مەبەستی سەرفرازیی میللی سوودی لێ وەرگیرا. ناسیۆنالیزمی، کە تاکو ئەو کات خامۆش و خاو بوو، دەرفەتی وەرگرت و ئازادانە کەوتە گەڕ، هەر زووش ئەفسانە و بۆچوونی چەوتی میللیی بەرفرەوانی لەگەڵ خۆی هێنا.

پرۆفایل

ناوی تەواو: میخائیل سێرگیڤیچ گۆرباچۆڤ
ناوی دایک: ماریا بۆنتیلیاڤا
ڕێکەوتی لەدایکبوون: 2ئاداری 1931
پیشە: پارێزەر
هاوسەر: رایسیا گۆرباچۆڤ
منداڵەکان: ئیرینا
سەرچاوە: ویکیپیدیا

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
لە ئاسمانی ویلایەتی ئالاسکای ئەمەریکا دوو فڕۆکە بەریەککەوتن و لە ئەنجامدا 5 کەس گیانیان لەدەست دا و گەڕان بەدوای قوربانی دیکەش بەردەوامە.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
دەسەلاتدارانی ئەمنی فەرەنسا ئافرەتێکی تەمەن 25 سالّیان دەستگیر کرد کە سالّی 2014پەیوەندی بە داعشەوە کردبوو و دواتر گەڕابوەوە ولاتەکەی.



دۆیچە ڤیلە:
یەکێتی ئەوروپا هۆشداری دایە ڕووسیا لەوەی دەست لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەوروپا وەرنەدات.



سی ئێن ئێن:
ژمارەیەک خۆپیشاندەر هێرشیان کردە سەر بارەگای سەرۆکوەزیرانی ئەلبانیا و ئاگریان لە بەشێکی بارەگاکە بەردا .



ئەی ئێف پی:
چین 71تەن کەلوپەلی تەندروستی وەک یارمەتی بۆ ڤەنزویلا نارد .



کەنالّی ئار تی :
یەکێک لە براکانی عومەر بەشیری سەرۆکی دوورخراوەی سوودان لە ولاّت رایکرد و ڕووی کردە تورکیا .

گرنگی گەشتوگوزاری چارەسەری بۆ هەرێمی کوردستان، هۆکارەکانی پەرەپێدان و ئاستەنەگەکانی بەردەمی

نادر روستی

گەشتوگوزاری چارەسەری یەکێکە لە جۆرەکانی گەشتوگوزار، زۆرێک لە وڵاتان سوودی زۆریان لێوەرگرتوە و بۆتە هۆی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و پێشخستنی کەرتی تەندروستی و بوژانەوەی ئابووری وڵات، هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ پەرەپێدانی بەڵام بێ کێشە و کەموکوڕیش نییە، هۆکارەکانی پێشخستنی چین و چۆن چارەسەی کێشەکانیش دەکرێ؟ لەم بابەتە کۆمەڵێک وەڵامی گونجاو دەست دەکەوێت.





گەشتوگوزاری چارەسەری بۆ چەند بەشێک دابەش دەبێت، یەکەم: چارەسەری سروشتی، دووەم:چارەسەری پزیشکی.

یەکەم: چارەسەری سروشتی: ئەمەش دەکرێ بە دووبەشەوە.

1- **چارەسەری دەروونی:** هەندێک جار مرۆڤ بە هۆی گوشاری کارکردن و تەنیای و ماندوەی زۆر لە شوێنی داخراو لە رووی دەروونیەوە توشی گرفتی خەمۆکی و دڵتەنگی دەبێت، بەڵام کاتێک بۆ ناو سەوزای و ناوچەی شاخاوی و سەر رووبار و دەریا گەشت دەکات و بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە و جۆری خواردنەکانی دگۆڕێت و تێکەڵی کۆمەڵگایەکی نوێ دەبیت و ئاوهەوای پاک هەڵدەمژێت، کێشە دەروونیەکان چارەسەر دەبن. هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان سروشتێکی جوان و لەباری هەیە، بە تایبەت ناوچە شاخاویەکان و لادێکان لە رووی سروشت و ئاوهەواو ژیان تەواو جیاوازن و سەرچاوەی چارەسەری دەروونین.

2- **چارەسەری دەرمانەوکان :** لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارەیەک کانیاوی کانزایی جۆراو جۆر هەیە کە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی (پێست، زەرتک، لادانی بەردی گورچیلە و چەند جۆرە نەخۆشی تر) بە کاردێت. لە رووی پزیشکیش سەلێنراوە کە ئاوی ئەم جۆرە کانیانە لە رووی پێکهاتەی مادەکانەوە تەواو جیاوازن بۆیە نەخۆش سوودیان لێوەردەگرێت.

گەشتوگوزاری چارەسەری سروشتی لە لە کوردستان پیشکەوتنی بە خۆی نەبینیوە سوود لە سەرچاوەکان و کانیاوەکان وەرنەگیراوە و نەکراون بە پرۆژە و هیچ داهاتیان بۆ ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش نییە بەڵام دەکرێ لە داهاتوو سوود لەم جۆرە وەربگیرێت، هەروەک وڵاتانی جیهان لە رێگەی گەرماوەکانی سروشتی سالانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار رادەکێشن و بەشێوەی سەرەمیانە شوێنەکان ریکەدەخرێن و شوێنی پشوودان و خزمەتگوزاری بۆ شوێنەکان دابین دەکرێ و بەبازارکردنێکی گرنگیشی بۆ دەکرێ.

دووەم: چارەسەری پزیشکی: ئەم جۆرە چارەسەرە لە رێگەی دکتۆری شارەزا و ئامێری پیشکەوتو و نەخۆشخانە و سەنتەری ئەهلی پێشکەوتو دەکرێ.

بە شێوەی گشتی گەشتوگوزاری چارەسەری وەکو هەموو بوارێکی دیکەی ژیان گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەگەر سالانی زوو ئەو جۆرە گەشتە لە سنووری یەک وڵات بووەو هاوڵاتی بە ناچاری سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و کەسایەتی و پیاو چاکانیان کردووە یا شارەو شار بەدوای ئاوی کانیەک یا رووبارێکدا گەڕاون و بۆ هێنانی قوڕو لیتەی دەم کانی و رووبارو دەریاچەکان، یا بۆ سەردانی حەکیمێک و پزیشکێکی میللی چەندین رۆژەری رێشتبن، ئەوە لە جیهانی ئێستادا گەشتوگوزاری چارەسەری زۆر پێش کەوتووەو سیمایەکی تازەی وەرگرتووەو هۆکارە تازەو خێراکانی هاتووچۆو خێرایی گەیشتن و مەودای نێوان شار و وڵاتانی بچوک کردۆتەوە. پێشکەوتنی دونیای پزیشکی و زانستی نوژداری وایکردوە ئەو جۆرە گەشتوگوزارە هەنگاوی زۆر گەورە بنێ.

گەشتوگوزاری چارەسەری لە ئێستادا بێ کێشە نییە، هەندێک شوێن گەشتیاری زۆری هەیە و هەندێک شوێن گەشتیاری کەمی بۆ دەچێت، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە ,وەک متمانە کردن بەو شوێنە، متمانە کردن بە تواناو لێهاتووی پزیشکان و جۆری ئامێرەکان و تایبەتمەندی نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتەی کە گەشتیار سەردانی دەکات و ناوبانگی باش پەیدا دەکەن و رۆڵی سەرەکی لە پێشخستنی گەشتیاری چارەسەری دەبینێت. بوونی نەخۆشخانەی تایبەت بۆ هەموو جۆرە نەخۆشیەک، کەمی نرخی پشکنین و نەشتەرگەری لەو بوارەدا زۆر گرینگە، سەرەڕای رێزگرتن لە میوانان و ئاسانکاری هاتووچۆ و وەرگرتنی ڤیزاو چوونە نێو ئەو وڵاتەو هەرزانی هێڵەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و بەرکەوتنی نۆرەی سەفەرکردن و کەم کردنەوەی رۆتین لە نەخۆشخانەکان و بەهەند هەڵگرتن و گرینگی دان بە نەخۆش و مامەڵەی شارستانیانە بەرامبەر کەسوکاری نەخۆش و هەروەها جیاوازی نەکردن لە نێوان نەخۆشەکان کە هاووڵاتی بن یا میوان و گەشتیار، گونجاوی جۆری میوانخانە لە رووی کوالیتی و نرخ و مامەڵەی سەردەمیانەی میوانخانەکان و چێشتخانە و بازارەکان لەگەڵ هاورێ و کەسوکاری نەخۆش سەرجەمیان رۆڵیان لە هەڵکشان و داکشانی ژمارەی گەشتیارانی چارەسەری دەبێت. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ نەخۆش بکرێ و سەیری رەگەزنامەو شوێنی نیشتەجێبوونی نەکرێ، هەروەها تەنها لەسەر بنەمای سوودی مادی مامەڵە لە گەڵ نەخۆش نەکرێ.

بوونی شوێنی مانەوە و پشودان و کات بەسەربردن و میوانخانەو خواردن لەگەڵ ئاردەزوو نەریت و کۆمەڵگای ئەو کەس و نەخۆشەدا بگونجێ کە بۆ چارەسەرکردن روو لەو وڵاتە دەکات. ئاسانکاری هاتووچۆو و بوونی نیشانە و ئاماژەکانی سەر شەقام و تابلۆکانی ئاگادار کردنەوە و رێگا نیشاندان و پێشوازی کردن لە نەخۆش لە نەخۆشخانەکان و بوونی وەرگێڕ لە نەخۆشەکان و گەیاندنیان بۆ شوێنی مەبەست فاکتری کاریگەر دەبن بۆ سەر پیشوەچوونی گەشتیاری چارەسەری.

مایەی شادی و دڵخۆشیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین نەخۆشخانە و سەنتەری پیشکەوتو لە رووی ئامێر و پزیشکەوە کراونەتەوە، هوتێل و چێشتخانەی زۆر نایەب و پێشکەوتو هەیە، کۆمپانیای گەشتوگوزاری سەرکەوتوو هەیە کە دەتوانێ کار بکات بۆ هێنانی نەخۆش و گەشتیار لە دەرەوەی وڵات. ئەمانە ئاماژەی بە هێزن بۆ پێشخستنی گەشتوگوزاری چارەسەری، بەڵام پێویستیان بە رێکخستن و هەماهەنگی و بەبازارکردنە.

باشبوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان وایکردووە کە بەشێک لە پزیشکیەکانی شارەکانی عێراق لە شارەکانی هەرێم نیشتەجێن بن و کار لە نەخۆشخانەکانی کوردستان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پزیشکی بیانی و تیمی پزیشکی کە لە وڵاتانی دراوسێ و لە ئەوروپاوە سەردانی هەرێم دەکەن و لێرە نەخۆشەکان دەبینن و نەشتەرگەری بۆ نەخۆش دەکەن، ئەمەش دەرفەتێکی لەباری رەخساندوە بۆ بروەدان بە گەشتوگوزاری چارەسەر لە هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی هاتۆتەدی هەندێک ئاستەنگ و گرفت کەوتونەتە بەردەم گەشتوگوزاری چارەسەری کە بە چارەسەرنەکردنیان پێشکەوتنەکان سست دەکەن یاخو دەیوەستێنن.

وەک قۆستنەوەی دەرفەتەکان لە لایەن هەندێک سەنتەر و نەخۆشخانە و هەندێک دکتۆر و هوتێل و بازار بە گرانکردنی نرخی پشکنین و نەشتەرگەری و خزمەتگوزاریەکان, رەنگە ببیتە هۆکار بۆ دوورکەوتنەوەی نەخۆش و گەشتیار لە نەخۆشخانەکانی کوردستان و روو لەوڵاتانی دراوسێ بکات، ئەوەش خاڵێکی گرینگە چونکە قازانجی خاوەنی چەند نەخۆشخانەیەک یا گرووپێک لە پزیشکان یان هوتێل و خزمەتگوزاریەکان زیان بە کەرتێکی ئابووری گەورە دەگەیەنی کە ئەویش گەشتوگوزاری چارەسەرییە،، بۆیە ناکرێ چەند کەسێک بن بە هۆکار بۆ راوەستانی گەشتوگوزاری چارەسەری. کەموکوڕی و هەڵەی هەندێک لە دکتۆرەکانیش هەندێکجار ناوبانگێکی خراپ بۆ ئەم جۆرە گەشتیاریە دروست دەکات، رێکخستنی تواناکان و پەیوەندی لە نێوان کۆمپانیاکان و هۆتێلەکان و نەخۆشخانەکان و بە دواداچوون بۆ چارەسەری کێشەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی گەشتیار زیاتر بێت و تەنانەت هاوڵاتیانیش کەمتر گەشت بۆ دەرەوە بکەن ,کەوادەکات ئەو پارەو سامانە نەچێتە دەرەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی گشتی گەشتوگوزار پرۆژەیەکی ئامادە کردوە و لە ئایندە کاری لەسەر دەکات کە رەنگە بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر بکات. بەو هیوایەی بەهەموو لایەک بتوانێن پەرە بەو جۆرەی گەشتوگوزار بدەین و ببیتە هۆکار بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار.

هەرجارە و پرسێک: چی بکرێ بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیاری بیانی بۆ کوردستان بێنین؟


گۆشەیەکی سوشیال میدیایە، بۆ وەرگرتنی زۆرترین بۆچوون هاورێیانی فەیسبووک بۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتێک دەخەنەروو، لە کاتێک لە رۆژنامەی خەبات چەند بۆچوونێک بڵاودەکەینەوە لە هەمانکاتیش بۆچوونەکان دەخەینە بەردەم بەرپرسانی گەشتوگوزار. لە وەڵامی پرسیاری سەرەوە زیاتر لە 70هاوڕێی سوشیال میدیا بۆچوونیان دەربڕیوە کە هەندێیان پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییەو هەندێک بۆچوونی لاوازن و هەندێکیش بۆچوونی باشن، لەناو باشەکان تەینا 4 بۆچوون دەخەینەروو کە بۆچوونی زۆربەی هاوڕێیانی لەخۆ گرتووە.



کاروان عزیز ئاغا



فەلاح کەلهوری



عەبدولرحمان زیخانی



ئارام سمایل

کاروان عزیز ئاغا: هەول دەن ئەو کەسانەی لە رێستورانت و هۆتێل کار دەکەن فێری ئەتەکێتی گەشتوگوزار بن. رێگا خۆش بکرێن بۆ کردنەوەی یانەی شەوانەو دیسکۆ و بە یاسا رێکبخرێن. ئازادی گەشتیار پارێزراو بێت و رێزیان بگیرێت، واتە سندوقێکی سکالا دابندرێت لە سنورەکان هەر گەشتیارێک گلەی هەبێت بە نوسراو ئاراستەی شوێنەکە بکرێ بۆ ئەوەی هەڵە دووبارە نەکاتەوە. فیستاقالات بەردەوام بکرێت، پێویستە گەشتیار تەواو هەست بە ئەمان بکات. پێویستە نرخی خواردن هەرزان بکرێت.

فەلاح کەلهوری: چاک کردنی رێگاکانی دەرەوە، نەهێشتنی دیاردە ی بازگەی نێوان شارەکان، دروست کردنی شوێنی پشوودان لە نزیک رێگا سەرکیەکان کە ریستورانت و بەنزینخانە و بارک وشتی تر لە خۆبگرێت، هۆشیاری هاوڵاتیان بەرزبکرێتەوە لە چونیەتی رێزگرتن لە میوان و گەشتیار، بەکارهێنانی تەکنولوژیا بۆ ریکلام کردن بۆ شوێن گەشتیاریەکانی کوردستان.

عەبدولرحمان زیخانی: لە سوشیال میدیا کەسی زور سەرکەوتوو هەنە بەتایبەت یوتیوبەر گەر بتوانین یوتیبەری بیانی بهێنین و یارمتیان بدەین بۆ بینینی خوشترین شوینەکانی کوردستان، دلنیام کاریگەری زۆر زۆری دەبێت چونکە یوتیوبەر هەیە بە ملیونان بینەری هەیە.

ئارام سمایل: بنیات نانەوەی ناوەندەکانی پێگەیاندنی کارمەندانی گەشتیاری لە سەر بنەمای ستانداردی جیهانی بۆ پێگەیاندی کارمەندی تەندروست بۆ دامەزراوە گەشتیاریە گشتی و تایبەتەکان.

بە ئەقلیەتکردنی دامەزراوە گەشتیاریەکان بەکەسانی دڵسۆز لیهاتوو شارەزا، گۆڕانکاری گەورە ڕوودەدات. پلانە کورت مەودا، مام ناوەند و درێژ مەوداکان سەرکەوتووتر دەبن، خزمەتگوزاریە گەشتیاریەکان گۆڕانکاریان بەسەردادێت نامێنەتەوە بەڵکو دەچێتە بازارە میللیەکان بەسەر رێگاکان دەڕوات دەچێتە ناوچە گەشتیارییەکان، خودی خۆی شوێنەکان دەبینێت نەک بەچاوی کامێرا مامەڵە راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەکات بەشێوەیەک لەشێوەکان.

لە هێنانی گەشتیاری بیانی بەم شێوەیەی کە هەیە، چەند جارێک سەرکەوتوو تردەبین و پلانەکە کورت خایەنە. بۆیە بە بۆچوونی من ڕەنگە نەتوانین لە ئاست پێویستی خزمەتکردنی دابین، چونکە مامەڵەی تەندروستی لەگەڵ ناکرێت بەهۆی کەمی هۆشیاری بەشێک لە کارمەندانی ناوچە گەشتیارییەکان. رێگاکان نەگونجاون چونکە سەلامەتی گەشتیار گرینگی خۆیی هەیە بۆ ڕاکێشانی. ژینگە هۆکارێکی تر و گرفتی گەورەی دروستکردووە.

سەرەڕای هەموو تێبینیەکان دەستتان خۆش هەوڵی خۆتاندواە جێگەی پەنجەتان دیارە، بەڵام پێویستە هەنگاوی باشتربنێن. ئەمەش لە هەمولایەکەوە پەیوەستە بە کوالێتی باشتر.

ئەم شوێنە بناسە

گڕاوی خورماڵ



گراوی خورماڵ بە دووری 74کم دەکەوێتە رۆژهەلاتی شاری سلێمانی، گراوەکە دەکەوێتە ناو شارە دێی خورماڵ کە سەربە پارێزگای هەڵەبجەیە. گراوی خورماڵ کانیاوێکی دەرماناویە و بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی پێست سوودی لێوەردەگیرێت. ئێستا نۆژەنکراوەتەوە و کەمێک شێوەیەکەی گونجاو ریکخراوە، کە بەشی ئافرەتان و پیاوانی بۆ دروست کراوە، هەروەها گەرما و ئاوەدەست (WCبۆ پیاوان و ئافرەتان دروست کراون. گەشتیاران و هاوڵاتیان بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی پێست سەردانی دەکەن.

هاڤینگەها سیلاڤا شەرانشێ



ئەف هاڤینگەهە ئێک ژ جهێن بەرنیاسێن گەشتیاریە ل سنورێ قەزا زاخو، دکەڤیتە باکورێ روژهەلاتێ باژێرێ زاخو ب دیراتیا ١٥ کم ، ئەف سیلاڤە نزیکا ٢٥ مەترا بلندە دکەڤیتە دنافبەرا قەنتارا جیایێ خامتیر و کێرەی دا ، ژ لایێ ئەمن و ئاسایش جهەکێ ئارامە ، دەورو بەرێن ڤێ سیلاڤێ هەمی باخ و رەزن ، ئەف هاڤینگەهە د وەرزێ هاڤینێ دا تایبەت مەندیا خوە هەیە ژبەرکو جهەکێ فێنک و ئاف هەوایەکێ سازگارە لێ هەیە روژانە سەدان گەشتیار قەستا ڤێ سیلاڤێ دکەن تایبەت د وەرزێ بێهێن قەدانێ و بیرەوەری و جەژن و سەرسالادا هزاران گەشتیار ژ باشور ناڤەراستا عێراقێ سەردانا ڤێ هاڤینگەهێ دکەن .

ئا: بێوار سندی

مێسی

3یاریزان لە بەرشلۆنە دەردەکات

بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەوانی بێت، لیونێل مێسی، ئەستێرە و کاپتنی بەرشلۆنە، بڕیارێکی توندی لەدژی سێ یاریزانی یانەکەی کەتەلۆنیا دەکردووە. رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی وتی، مێسی، داوای لە کارگێڕی بەرشلۆنە کردووە، یاریزانان فیلیپ کۆتینیۆ، ساموێل ئۆمتیتی و ئیڤان راکیتیچ، لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوو بفرۆشن. ئەو داواکارییەی مێسی بۆ کارگێڕی یانەکەی، دوای دۆڕان بەرامبەر لیڤەرپوول (4-0گۆڵ) و دەرچوون لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، لە قۆناغی پێش کۆتایی بوو. ئەمەو کۆتینیۆ، دوای گواستنەوەی لە لیڤەرپوولەوە لە وەرزی رابردوودا، ئەو ئاستەی پێشکەش نەکرد، کە لێی چاوەڕوان دەکرا، بۆیە لەوانەیە روو بکاتە یانەی پاریس سان جێرمان، یان بگەڕێتەوە پریمەرلیگ و یانە کۆنەکەی، لیڤەرپوول، یان مانچستەر یونایتد. هەرچی راکیتیچە، چاوەڕوان نەدەکرا مێسی ناوی ببات، چونکە لە ماوەی چوار وەرزی رابردوودا، یەکێ لە یاریزانە سەرەکییەکانی پێکهاتەی بەرشلۆنە بوو، بەڵام دابەزینی ئاستی لە مانگەکانی کۆتایی، هۆکاری ئەو داواکارییەی مێسییە. ئۆمتیتیش ناوی کەوتە نێو لیستی هەڕەشەلێکراوان بە ڕۆیشتن، دوای ئەوەی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی، بۆ هاونیشتمانەکەی، کیلمنت لینگلیت، لەدەست دا، بەهۆی ئەو پێکانەی کە لەسەرەتای وەرزی تازە تووشی هات، کە هێشتا کاریگەری بەسەرییەوە ماوە و نەیتوانیووە ئاستی جارانی بەدەست بێنێتەوە.

ڕەمزی میرەکانی



نەشتەگەریەکی سەرکەوتوو بۆ سەرۆکی یانەی هەولێر ئەنجام درا

ئا: ئەردەلان هەولێری

چەند رۆژێک بەر لەئێستا لەوڵاتی تورکیا دکتۆر عەبدوڵلا مەجید سەرۆکی یانەی وەرزشی هەولێر نەشتەگەریەیەکی سەرکەوتووی لەقاچەکانی ئەنجام دا، هۆکاری ئەنجامدانی نەشتەگەرییەکە، هەست کردن بوو بەئازارێکی زۆری لەقاچەکانی، ئەوەبوو نەشتەگەرییەکی سەرکەوتووی لەوڵاتی تورکیا ئەنجامدا، خۆشبەختانە نەشتەگەرییەکە بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی زۆر سەرکەوتوو بوو، هیوای سەڵامەتی ولەش ساغی بۆ سەرۆکی یانەی هەولێر دەخوازین ، خوازیارین سەرۆکی یانەی هەولێر بەزووترین کات و بەتەندروستیەکی باش ئامادەی یاریگاکان بێت .

خولی دووەمی تۆپی پێی سنوری ڕێکخراوی مامۆستایانی پیرمام کۆتایی هات

بە ئامادەبوونی مامۆستا فاخر خالد قادر بەڕێوەبەری پەروەردەی شەقلاوە و بەرپرسی ناوچەی سەلاحەددین و ناوچەی زانست و بەڕیوەبەری بنکەی ئاسایشی سەلاحەدین وتەواوی میوانان ئامادەی یاری کۆتایی نێوان قوتابخانەی ئامادەیی شهید فرنسۆ هەرێری و دوانـاوەندیی تەبایی ئێـوارانی کۆران بـوون ، لـە کۆتـایی دوانـاوەندیی تەبایی ئێوارانی کۆران بەپلەی یەکەم سەرکەوتن و دەستخۆشی لە ڕیکخراوی مامۆستایانی پێرمام دەکەین کەهەڵسابون بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە.



ڕیال مەدرید چیتر کاتی خۆی بۆ پۆگبا ناکوژێت



ماوەیەک بوو هەواڵەکان زۆر گەرم بوون لەبارەی چوونی پۆل پۆگبای ئەستێرەی یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدرید، بەڵام لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو ئەو گەرمی و گوڕییە کەمتر بۆتەوە بەتایبەتیش کە مەرجەکانی گرێبەستەکە ئالۆزی تێکەوتووە، و زۆر زەحمەتە بەو مەرجە پۆگبا بەدرێسی ریال مەدرید ببینرێت. پۆگبا لەبەرامبەر چوونی بۆ ریال مەدرید داوای موچەیەکی مانگانەی زۆری کردووە و لەوڵاشەوە یانەی مان یونایتد داوای پارەیەکی زۆری کردووە لەبەرامبەر دەستبەرداربوونی، بۆیە فلۆرینتۆ پیریزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە کاتی خۆی بە یاریزانێک بکوژێت کە گرێبەستەکەی ئالۆز بێت و پێی وایە ئەو پارەیە بدرێت بە دوو یاریزانی هاوشێوەی ندومبیلی و ڤان دی بێک و وای دەبینێت ئەو دوو یاریزانە دەتوانن باشتر خزمەت بە ریال مەدرید بکەن.

بەرشلۆنە

هەموو شتێکی لەگەڵ دی لیخت بڕاندۆتەوە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی نزیک بۆتەوە لە یەکلاکردنەوەی بۆنـدەکەیان لەگەڵ دی لیختی بەرگریکاری یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی لەهاوینی داهاتوو.

ڕادیۆی کەتالۆنیا دووپاتی کردەوە کە شاندی یانەی بەرشلۆنە کەپێکهاتبوو لە پیپ سیگۆرا و ئیریک ئەبیدال و ئۆسکار لەناوەڕاستی مانگی ڕابردوو چاویان بە مینۆ ڕایۆلای بەڕێوەبەری کاروبارەکانی دی لیخت کەوتووە و هەموو شتیکیان بڕاندۆتەوە بەتایبەتیش لەو مەرجانەی کە یاریزانی ناوبراو داوای کردووە لەبەرامبەر چوونی بۆ کەتەلۆنیا و لەبەر کردنی درێسی یانەی بەرشلۆنە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات
XEBAT
Wed, 15. Apr. 2019 No: (5750)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بە کوارتێتی خۆی خزمەت بە میوزیکی کوردی دەکات

ڕامتین لهۆنی: دەمەوێ لە ئۆرکێسترا گەورەکان سیمفۆنیایەک بژەنرێت، ڕۆحی کوردستانی لێوە ببیسترێت



خەبات: ڕانیار دڵشاد

ڕامتین لهۆنی خوێندکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە و لە تەمەنی ١٠ ساڵیەوە هەوڵی فێربوونی میوزیک دەدات، بە شێوازی ئەکادیمی ئامێرەکانی پیانۆ و کەمانچە (جۆزە) دەژەنێت.

لە ساڵی٢٠١٤ـەوە خەریکی فێربوونی بنەماکانی هارمۆنی و فۆرم و ئۆرکێستراسیۆنە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوازێکی زانستی خزمەت بە میوزیکی کوردستان بکات و بە دونیا بیناسێنێت، بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر توانای هونەری ئەو قوتابییە گەنجەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی، بە چەند پرسیارێک گفتوگۆیەکمان لەگەڵ کرد.

*** سەرەتا لەبارەی کوارتێتەوە قسەی کرد و گوتی:** کوارتێت واتە ژەنینی چوار ئامێری میوزیکی پێکەوە، دەمەوێ یەکەم کوارتێتی خۆم لە مانگی ٦ بە شێوەی دەنگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکان بڵاو بکەمەوە، بەکارهێنانی دوو ڤایۆلین و ڤیۆلایەک و چەلۆیەک، کە دەیانەوێ بۆ هەموو دونیا جیاوازی میوزیکی کوردی بسەلمێنن، ئەمەش بێگومان کەم نیە، ئاوازێکی پاکی هەڵقوڵاو لە گەرووی نیشتمانەوە بە زانستی میوزیکی ڕۆژئاوا دەڕازێندرێتەوە و دەبیسترێت.

*** ڕامتین هەماوەند شوکەت تەمەنی تەنها ٢١ ساڵە و خزمەت بە ئاڵای کوردستانی لا خەونێکە لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە، ئەو دەڵێ:** دەمەوێت ڕۆژگارێک دروست بکەم کە ئاڵای کوردستان لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی میوزیکی جیهانی ببینم، لە هۆڵەکانی پێشکەش کردنی ئۆپێرا دەنگی ئاوازە فۆلکلۆرەکانی کوردستان بێت، کە لە لایان ئۆرکێسترا جیهانیەکان دەژەنرێت و خەڵک سەرسامی ڕەنگا و ڕەنگی بن.

*** کوارتێتی ژمارە یەکی ڕامتین لە داهاتوویەکی نزیک هەنگاوی یەکەمی بەدی هاتنی ئەم ئامانجە نیشتمانی و هونەریە دەبێت، لەبارەوە گوتی:** مۆزارت و بتهۆڤن و باخ ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش لە ڕێگەی خزمەت بە مۆسیقای وڵاتەکانی خۆیان، ناسنامەیەکی تایبەتیان بە میوزیکی خۆیان بەخشی و وایان کرد کە مۆرکی فۆلکلۆری مۆزیکی ئەورووپی ببێتە قوتابخانەیەک، دەنگی هۆزە و سیاوچەمانە و لاوک و حەیران و چەمەری و هەڵپەڕکێ لە خەم و خۆشیەکانی خاکەکامان دەگێڕنەوە و مۆرکێکی سەملێندراوی کوردن بۆ جیهان و دەبێ ببیسترێن و بکرێن بە قوتابخانە.

ڕامتین لهۆنی دەڵێت: لە کاتێک کە دەڵەمەندترین میوزیکی جیهانمان هەیە دەبێت زۆر هەوڵ بۆ ناساندنی بدەین و شانازی بکەین کە لە ڕۆژئاوای ئەمریکاوە تاکو ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، میوزیکێکی زۆر لێک چوو و نزیک لە یەکمان هەیە، سکێڵەکانیان و ڕیتمەکانیان و شێوازی وتنیان زۆر جۆراوجۆر نیە، بەڵام کوردستانی ئێمە لە هەر بەشێکی میوزیکێکی جیاواز و ڕیتم و مەقاماتی جیاواز هەیە، بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵەی میوزیکی دیار و پڕ لە جوانی و ئەفسانە بووە، کەواتە دەبێ شانازی بکەین و بە کرداری خزمەتی بکەین و بیکەینە قوتابخانە، مۆرک و ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی لە هەموو دونیا کە ئەمە خۆی هۆکارێکی زۆر دیارە بۆ سەلماندنی جیاوازی کورد و ئەوانەی هەوڵی داگیرکردنی کلتوورمان دەدەن، دەبێ شەڕی پاراستن و بەرجەستەکردنی کلتوورمان بکەین و بیپارێزین، کوارتێتی ژمارە یەکم بە پارچە میوزیکی زۆر ئەکادیمی و زانستیە دەست پێکی خزمەتم دەبێ بە ڕێگای جوانترکردنی هونەری کوردستانم.

*** لەبارەی فێربوونی میوزیک و خۆشەویستیی بۆ میوزیک و چۆنیەتی خزمەتکردن لە ڕێگەی میوزیکەوە گوتی:** من میوزیک فێر بووم کە بتوانم خزمەتی بکەم ، من لەم ئامانجەم بەردەوام دەبم تاکو ڕۆژێک بهێنمە دی، کە لە ئۆرکێسترا گەورەکان سیمفۆنیایەک بژەنرێت، کە سەرەڕای ئەکادیمی بوون و گرنگ بوونی لە ڕووی میوزیک و زانستیەوە، ڕۆحی مێژووی کوردستان و ئەم ئاو و خاکە پیرۆزەی لێوە ببیسترێت، دەمەوێت وا بکەم، میوزیکمان زۆر بە جوانی خەم و دڵخۆشیەکامان دەربخات، با دونیا بزانێت کە میوزیکی هەڵپەڕکێمان نیشانەی سەرکەوتنمانە بەسەر داگیرکەران.



موزیسیانی جیهانی ئەندری ریۆ

ڕێبوار هەورامی: ئەندری ریۆ (ndre Rieu) موزیسیانی جیهانی ساڵی 1949 لە وڵاتی هۆڵەندا لە دایک بووە ، باوکی سەرۆکی گەورەترین تیپی موزیکی بووە لە هۆڵەندا.. ئەندری لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە دەستی بە ژەنینی ڤیۆلین کردووە.. ئێستا گەورەترین ژەنیاری ڤیۆلینە لەو وڵاتەدا و خاوەنی ئۆرکسرای بەناوبانگ (یوهان شتراوس)ە، مامۆستای موزیکی کلاسیکە لە وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەتی و جیهان بەگشتی .. چەندین کاری گەورەی پۆپ و ڕۆکی لە جیهاندا ئەنجام داوە.. یەکەم هونەرمەندە کە میدالیی شێری هۆڵەندی و سوارچاکی هونەرو ئەدەبی فەرەنسای بە دەستهێناوە، تەنها لە 20وڵاتدا زیاتر لە (10) ملیۆن سیدی کارەکانی فرۆشراون.

ئەڵقەی هۆشمەند بۆ کەمکردنەوەی کێش



هەردەوان:

ئەنگوستیلە دیجیتالییەکان کە هەرکامیان بۆ مەبەستێکی تایبەت بەرهەم هاتوون، کەلێنێکیان لە جیهانی دیجیتالیدا گرتووە، کۆمپانیای (fitbit) هەوڵیداوە چەندین ئەڵقەی هۆشمەند بەرهەم بهێنێ کە بەمەبەستی لەشجوانی وکەمکردنەوەی کێش بەرهەم هاتوون.

کۆمپانیای Motiv‌یش هەوڵیداوە جیاواز لە کۆمپانیای فیت بیت ئەڵقەیەکی تایبەت بەرهەم بێنێ کە وەک باشترین ئەڵقەی تایبەت بە ڕێنوێنیکردنی لەشجوانی سوودی لێوەردەگیرێت، ئەڵقەکە هەستەوەری لێدانی دڵی تێدایە، هەنگاوەکان دەپێوێ، خەو و کاتە چالاکی ڕۆژانە دیاری دەکات.

بەهۆی کێبڵی USBی و داکێکی تایبەتەوە شەحن دەبێتەوە. دیارە ئەڵقەکە لەگەڵ مۆبایلێک پەیوەند دەدرێ و زانیاریەکان دەگوازێتەوە سەر شاشەی مۆبایلەکە، هەروەک ئاماژەکرا هەستەوەری لێدانی دڵی تێدایە و ئەوکاتەی کە پێویایە بە ڕادەی پێویست چالاکیت ئەنجامداوە ئاگادارت دەکاتەوە.کاتێک کە بەکارهێنەرەکەی چالاکی بکات ئەڵقەکە گرنگی خۆی دەبێت، پێت دەڵێت کە دەبێت دە هەزار هەنگاو بەڕێگادا بڕۆی یان ئەوەندە چەوریەی جەستەت بسووتێنێ، ئەڵقەکە هانت دەدا کە خۆت ماندوو بکەی و جۆلەی زۆرت هەبێت و زانیاری ڕۆژانەت سەبارەت بە جوڵە و وەرزش کردن لە پرۆگرامێکدا خەزن دەکات.

بۆ ڕۆژەوان بەسوودە..

پزیشکەکان: ترۆزی هاوشێوەی خەیارە



وەرگێڕانی لە فارسیەوە: وریشە عومەر

ترۆزی تینووێتی دەشکێنێت وگەرمی گەدە وجگەر دەڕەوێنێتەوەو بەرد و ڕملّی گورچیلە دەر ئەکات و وەرەمەکان شی دەکاتەوە، پسپۆڕی دروستکردنی دەرمانەگیاییەکان لەزانکۆی شیراز دکتۆر سەلام فاتحی بەمجۆرە دەربارەی ترۆزی دەنووسێت: ترۆزی لەخەیار خێراترهەرس دەبێت وخواردنێکی باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت قەڵەو بن.

ترۆزی چەند ترشێکی ئەمینی و کارۆتین و سیلیلۆزی تێدایەولەپزیشکی نوێداسیفاتەکانی خەیاری هەیەوخوێن ڕێک دەخات و ترشەکانی ناومیزوخۆییەکان دەتوێنێتەوە، بۆیە دەبێت لەکاتی پێگەیشتنی ئەم خۆراکە گرنگە بەردەوام بیخۆین ولێی دوورنەکەوینەوە. بەتایبەت لەم مانگەدا کە مانگی ڕەمەزانە چونکە سوودی زۆری بۆ ڕۆژوەوان هەیە.



باکووری کوردستان.. بەهۆی بەخێوکردنی مامز تا دێ ژمارەیان لە زیادبووندایە